# ئالنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی ئاو لە عێراق•

م.ی. عادل عگید کاکل
بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، عێراق
ئیمێل: adil.kakil@su.edu.krd
پ. ی. د. چواس حسن رسول
پەرلەمانی کوردستان – عێراق
ئیمێل: Chwas2002@gmail.com

| وشە کلیلییەکان: | Received: 28/05/2025 | ID No. 4291 |
|---|---|---|
| ئاسایشی ئاو، سیاسەتە ئاوییەکان، ئالنگاری ناوەخۆ، ئالنگاری دەرەکی، کورتهێنانی ئاو | Accepted: 07/07/2025 | (PP 39 - 68) |
| | Published:16/11/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.3 |

## پوختە

ئاسایشی ئاوی عێراق کەوتۆتە مەترسییەوە بەهۆی کۆمەلێك ئالنگاری ناوەخۆی و دەرەکیەوە، ئالنگارییە ناوەخۆییەکان وەك خراپ بەڕێوەبردنی ناوخۆی ئاو، یاسا بەسەرچووەکان ولاوازی هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکان، زیادبونی نا ئەندازەی دانیشتوان و پیسکردنی هەرەمەکی ئاوی ڕووبارەکان لەسەرەتا سەری عێراق، هەرچی فشارە دەرەکییەکانە خۆی دەبینێتەوە لە پرۆژەکانی ئاوی ولاتانی دراوسێ (تورکیا، ئێران، سوریا)کە کاریگەرییان لەسەر ڕووبار و لقەکانی دیجلە و فورات هەیە. ئەم توێژینەوەیە چارەسەری ناوخۆیی وەک دروستکردنی بەنداوی نوێ و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پیس و شیرین کردنی ئاوی سوێری پێشنیار دەکات، لەگەڵ ستراتیژی دیپلۆماسی و ئابووری بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە دەرەکییەکان دەخاتە ڕوو. ستراتیژێکی تۆکمەی نیشتمانی بۆ پاراستنی مافەکانی ئاوی عێراق زۆرگرینگە چونکە ڕێگری دەکات لە پەرەسەندنی کەمی ئاو و ڕزگار کردنی دەیان میلۆن هاولاتی عێراقی لە کۆچکردن بۆ ناوچەی دیکە، جگگە لەمەش کەمکردنەوەی ململانێی ناوچەیی زۆر گرنگە بۆ عێراق و لاتانی دراوسێ.

## پێشەکی

ئاسایشی ئاو پایەیەکی بنچینەیی ئاسایشی نیشتمانییە و لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانی کەشوهەوا و زیادبوونی دانیشتوان و زیادبوونی فشارە ژینگەییەکان، بە تایبەتی لەو ولاتانەی کە کەشوهەوای وشک و نیمچە وشکی وەک عێراق، گرنگییەکی زیاتر بەدەست دەهێنێت. عێراق نزیکەی تەواو پشت بە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی لە دەرەوەی سنوورەکانی دەبەستێت، بەتایبەتی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات، ئەمەش وایکردووە کە تووشی هەڵاوسانی سیاسەتی ئاوی ولاتانی کەسەرچاوەکانی ئاوی لێ هەڵدەقولێت ببێت، بەتایبەتی تورکیا و ئێران. قەیرانی ئاوی عێراق لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بە هۆی چەند هۆکارێکەوە خراپتر بووە، دیارترینیان دابەزینی داهاتی ئاو و زیادبوونی خواستی ناوخۆ و خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوخۆیە، ئەم دۆخە بەهۆی پرۆژەی ئاوی تاکلایەنە کە لەلایەن ولاتانی دراوسێوە بەبێ هەماهەنگی یان

• ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەڵهێنجراوە وەک بەشێک لە تێزی دکتۆرای قوتابی ( عادل عگید کاکل ) بەناونیشانی (پێگەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئاسایشی ئاوی عێراقدا؛ لێکەوتەکانی لە سەر پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا)، کە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانسیە سیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر دەکرێت.

ڕێککەوتنی پابەندکەر جێبەجێ دەکرێن کە گەرەنتی دابەشکردنی دادپەروەرانە و یەکسانانەی ئاو دەکەن، خراپتر دەبێت. ئەم دۆخە ئاسایشی ئاوی عێراق دەخاتە ژێر ڕەحمەتی ئالنگاری پێکهاتەیی و ستراتیژی کە هەڕەشە لە گەشەسەندنی بەردەوام و سەقامگیری عێراق دەکەن. لە بەرامبەر ئەم واقیعە ئاڵۆزەدا، دروستکردنی دیدگایەکی نیشتمانی گشتگیر زۆرگرینگە سەرهەڵبدەدات کە پرسی ئاو لە پێشینەی کارەکانی دابێت و لەسەر بنەمای زانستی و یاسایی دامەزراوە و ئامرازە دیپلۆماسی و تەکنیکییەکان بەکاربهێنێت.

**گرینگی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ هۆشیاری ئاسایشی ئاو لە عێراق دەکات، کە زۆر گرنگە بۆ کاریگەریکردن لەسەر تێڕوانینەکانی گشتی لەسەر سیاسەتی ئاو، بەڕێوەبردنی بەردەوام لە نێوان گۆڕانکارییە ژینگەییەکان کە هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانی دەکەن. چارەسەری سەرەکی بۆ گەیشتن بە ئاسایشی ئاو دەستنیشان دەکات، لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر سەقامگیری درێژخایەنی عێراق دەبێت، هەروەها لایەنێکی دیکە گرینگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان سودببینیت لە خاڵە ئالنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی ئاو لە عێراق و ئەو خاڵەنەی کە پەیوە ندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم ئاسایشی ئاوی عێراق و ڕێگاکانی تێپەڕاندنیانە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەو ئاستەنگە سەرەکیانە چین کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی ئاوی عێراق هەیە و چ چارەسەرێکی کاریگەر دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟

**گریمانەی تویژینەوە:** توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو عێراقی دەبنە وە، بەهۆی فشاری جیۆپۆلیتکی و گۆڕانی کەشوهەوا جیهانی و خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراق، بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لە توندبوونەوەی قەیرانی ئاوی عێراق. هەروەها لە چوارچێوەی توێژینەوەکەمان گریمانەی ئەوە دەکەین کە پەسەندکردنی سیاسەتی یەکگرتووی ئاوی عێراق، چالاککردنی هاوکاری هەرێمایەتی لەسەر هاوبەشکردنی ئاوی ڕووبارەکان، لەگەڵ پەرەپێدانی ژێرخانی و مۆدێرنکردنی شێوازەکانی بەڕێوەبردن ئاو لە وڵاتدا، نوێنەرایەتی چارەسەری کاریگەر دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئالنگاریانە و بەرزکردنەوەی ئاسایشی ئاوی نیشتمانی لە دەوڵەتی عێراق.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای ڕێبازی وەسفی و شیکاری ئەنجامدراوە.

**پەیکەری لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە، ناوەڕۆکەکەی لە سێ تەوەر پێکهاتووە؛ لە تەوەری یەکەم، باس لە چوارچێوە ی تیۆری ئاسایشی ئاو دەکەین، لە تەوەری دووەم باس ئالنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی عێراق دەکەین. هەروەها لە کۆتایی تویژینەوەکەمان گرینگترین خاڵەکانی چارەسەرەی ئالنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی ئاوی عێراقی دەخەینەڕوو.

## 1: چوارچێوەی تیۆری، (چەمکی ئاسایشی ئاو، سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق)

چەمکی ئاسایشی ئاو لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری سیاسی و یاسایی و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر بەرچاو کەوتووە، پرسێکی گرنگە کە لە داهاتوودا گرنگییەکەی زیاتر گەشە دەکات، گەشەپێدانی بەردەوام پەیوەستە بەم سەرچاوە گرنگەوە، ئەمەش وایکردووە کە ئاسایشی ئاو لە پێشینەی کارەکانی دەسەڵات ناوەندەکانی بڕیاردانی وڵاتاندابێت، لە چوارچێوەی ئەم بەشەماندا باس لە هەریکە لە بابەتەکانی چەمکی ئاسایشی ئاو، گرینگی ئاسایشی ئاو دە کەین .

### 1-1: چەمکی ئاسایشی ئاو

لە ئێستادا سەردەمی ململانێ لەسەر نەوت و سەرچاوە ژێر زەمینییەکانی دیکە تاڕادەیێکی باش تێپەڕیوە، بەپێ لێکۆڵینەوەکان و پێشبینی دەکرێت کەوا ململانێی داهاتووی لە جیهاندا لەسەر دابینکردنی ئاسایشی ئاو و گەیشتن بە ئاسایش بە فرە ماناکانیەوە دروست دەبێت، کە ئەویش وادەکات وڵاتان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەت و

یەکپارچەیی خاکەکەی و پاراستنی هاووڵاتیانیان و دەستەبەرکردنی سەربەخۆی ئابوری و سەقامگیرییان، هەموو هەوڵ و تەقەڵای خۆیان بخەنە گەر بۆ دەستەبەر کردنی بڕی ئاوی پێویست بۆ خۆیان و گەیشتن بەو ئامانجانەی کە گوزارشت لە ڕەزامەندی گشتی لە کۆمەڵگادا دەکەن، کەمی ئاو لە هەر وڵاتێک کاریگەری نەرێنی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەرە.[1]

چەمکی ئاسایشی ئاو چەمکێکی ڕێژەییە و ڕەها نیە، و ئاستی ئاسایشی ئاویش جیاوازی هەیە لە نێوان وڵاتان، تەنانەت لەناو یەک وڵاتیشدا بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی جیاوازیە،[2] چەمکی ئاسایشی ئاو وەک چەمکێک لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی دامەزراوە، کە بریتییە لە تێربون و گەرەنتیکردن لە سەرانسەری وڵات بەپێی کات و شوێندا، واتا بە مانای دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ئاو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و لە هەمانکاتدا مسۆگەرکردنی بەردەوامی ئەم تێربوونە زۆربەی جار کاریگەریی لەسەر دەبێت لەلایەن وڵاتانی دیکەوە، ئەمە جگە لە پەرەپێدانی سەرچاوە ئاوییەکانی ئێستا، پاشان گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێدا، جا نەرێیەتی یان نانەرێیەتی بێت(تقلیدی و نا تقلیدی) ئەم چەمکە بە خراپترین شێوە لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو لە جیهاندا دەکەن دەقۆزرێتەوە، چونکە هەوڵدەدەن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێن بە بیانووی ئەوەی هەر بەکارهێنانێکی نوێ ڕەنگە زیان بە ئاسایشی ئاوەکەیان بگەیەنێت.[3]

## 2-1: گرینگی ئاسایشی ئاو

بەدرێژایی مێژوو ئاو هەمیشە بۆ کۆمەڵگاکان شتێکی گرنگ و چارەنووسساز بووە، وەک سەرچاوەیەکی هێز و ئاسایش و گەشەسەندن لە بوارە جیاوازەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازیدا خزمەتی کردووە، بەڵام لەگەڵ خێرابوونی گۆڕانی کەشوهەوا، کەمی ئاو و کوالیتی ئاو تادێت گرنگتر دەبێت، چارەسەرکردنی کەمی ئاو و کاریگەرییەکانی لەسەر سەقامگیری جیهانی بە تایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا کە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، گرنگە، بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو تەحەدایەکی گەورەیە کە پێویستی بە هاوکاری و چارەسەری داهێنەرانە هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی،[4] دەتوانین بەشێوەیێکی گشتی گرنگی ئاسایشی ئاو بەم شێوەی خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەین:-

### یەکەم: گرنگی سروشتی ئاو

دابینکردنی ئاسایشی ئاو وەکو مادە پێویستێکی زۆر گرنگە بۆ بەردەوامی ژیانی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی، کەبەکاریان دێنت بۆ مەبەستی جۆراو جۆر، جگە لەوەش جەستەی مرۆڤ زیاتر لە دوو لەسەر سێی لە ئاو پێکدێت، بەمەش بوونی ئاو وەک ئۆکسجین گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی و گەشەپێدانی بەردەوامی مرۆڤ، بەڵام لەگەل ئەوشدا زیادبوونی بەرچاوی دانیشتوانی جیهان، لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی حەوت هێندە لە بەکارهێنانی ئاودا، نیگەرانییەکانی لەبارەی بەردەستبوونی سەرچاوەی ئاوی نوێیووەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ دروستکردووە.[5] هەروەها ئاو توخمێکی بوونە بۆ هەموو بوونەوەرەکان و توخمێکی مانەوە و بەردەوامییە بۆ هەموو

---

[1] د.حكيم غريب، الصراع على المياه في الشرق الأوسط: الأبعاد الجيوسياسية، مجلة الباحث في العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة قاصدي مرباح و رقلة، المجلد 12، العدد3 ، حزيران،2020، ص١٨١.

[2] منذر خدامر، الأمن المائي العربي: الواقع والتحديات، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص٢١.

[3] د. فادية دعيبس، الأمن المائي مهمة من؟، 2005، متوفر علي موقع التالي:https://shorturl.at/Ju6xY_ لە ڕێکەوتی ٢-٦-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

[4] عفاف زهراوي، الامن المائي وعلاقته بالامن الغذائي في الجزائر، المجلة العلمية الأكاديمية للدراسات الاجتماعية و الانسانية، جامعة عبد الحميد مهري، قسنطينة٢، الجزائر، العدد ٢، 2021، ص٧٣.

[5] عاصي عبدالقادر، تهديدات الأمن المائي للأمن الوطني و استراتيجات إدارة ندرة المياه، مجلة القانون العام الجزائري المقارن، العدد التاسع، 2023، ص١٩٨.

مرۆڤایەتی، سەرچاوە ئاوییەکان مادەی سەرەکی ژیانین بۆ هەموو زیندەوەران لەسەر هەسارەکە، بەتایبەتی لە زەوییە وشک و بیابانییەکان، کە لەوێدا کەمن، ئاسایشی ئاو چالاکییەکانی بیابانبوون سنووردار دەکات، ئیکۆسیستەم و زەوییە کشتوکاڵییەکان لە وەرینی زەوی دەپارێزێت، بەمەش جۆراوجۆری زیندوو لە تێکچوون و لەناوچوون دەپارێزێت.[1]

**دووەم: گرنگی ئابووری ئاسایشی ئاو**

ئاسایشی ئاو سەرچاوەیەکی سروشتی گرنگە لە کەرتی ئابووریدا و ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت، بۆ ژیان پێویستە و وەک بەردێکی بناغە بۆ بەکارهێنانی هەموو توخمە سروشتییەکانی دیکە بۆ دامەزراندن و وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و دڵنیابوون لە ئاسایشی خۆراک، هەروەها ئاو یارمەتیدەرە لە جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکانی گەشەپێدانی ناوچەیی، پلاندانانی ناوچەیی بەرز دەکاتەوە و جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هەرێمەکان کەمدەکاتەوە، بە تایبەتی ئاو گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی، سەرچاوەیەکی سەرەکییە لە پیشەسازییە جیاوازەکاندا و پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە بەرهەمهێنانی پۆڵا و کاغەز و شەکردا، دابەشبوونی سەرچاوە ئاوییەکان لە مێژوودا بەشداری کردووە لە بەهێزبوون و خۆشگوزەرانی گەلان، تا ئەو کاتەی ئەم سەرچاوانەی کە بە شێوەیەکی نایەکسان لە ئاستی جیهانیدا دابەشکراون، نایەکسانی نێوان وڵاتان بەردەوام دەبێت، لەگەڵ مەیلەکانی وڵاتان بۆ ئیستغلالکردنی سەرچاوە ئاوییەکان، وڵاتان دەبێ بە بەرپرسیارانە سەرچاوە سروشتییەکانیان بەکاربهێنن بۆ پەروەردەکردنی گەشەپێدان و پێشکەوتن و ڕۆڵێکی بنیاتنەر دەگێڕێت لە جیهاندا.[2]

**سێیەم:گرنگی سیاسی ئاسایشی ئاو**

کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئاوییەکان بووەتە ئامرازێکی ستراتیژی و موزایەدە و چەکێکی سیاسی کە کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێز هەیە، ئاو پرسێکی ستراتیژی سەرەکییە کە زۆرجار دەستکەوتەکان بۆ لایەنێک بە مانای زیان بۆ لایەنەکانی دیکە دێت، بە تایبەت لەو ناوچانەی کە چەندین لایەن کێبڕکێ لەسەر سەرچاوەکانی ئاو دەکەن، پرسی ئاسایشی ئاو بۆ ئاسایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی زۆر گرنگە، بەتایبەتی لە ناوچە وشک و نیمچە وشکەکاندا کە پشت بە سەرچاوەی ئاوی سنووردار دەبەستن، زۆرجار لە سنوورە نێودەوڵەتییەکانەوە، سەرەڕای ئەوەش، مەترسی ئەوە هەیە کە وڵاتانی بیانی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ئاوانە بدەن کە لێیەوە سەرچاوە دەگرن و بۆ مەبەستی ئابووری و گەشەپێدان و سیاسی بەکاریبهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان، ڕەنگە هەندێک وڵات هەوڵی بازرگانیکردن بە ئاسایشی ئاو و ئاسایشی وزە بدەن، ئەمەش ئاڵۆزی بۆ ئەو پرسە زیاد دەکات، لەئێستادا ئاو بووەتە ئامرازێکی سیاسی بۆ وڵاتان، بەتایبەت کاتێک ڕووبارێکی نێودەوڵەتییە، چەندین وڵات هاوبەشی دەکەن.[3]

لەچوارچێوەی ئەم باسە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەبوونی ئاسایشی ئاو و سەرچاوەکانی وەک توخمێکی بنەڕەتی بۆ هەموو زیندەوەران گرنگە، هەروەها ئاسایشی ئاو سوودی هەمەلایەنی هەیە، کە زۆرجار دەتوانێت ببێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان وڵاتاندا کە ڕەنگە بەرەو شەڕ پەرەبستێنێت، سەرەڕای ئەوەش، گرنگی ئاوی ڕووبارەکان لەسەر ئاستی دەوڵەت لە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانیدا لە سەرانسەری کەرتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەرتەکانی دیکەدا دیارە، بەتایبەت تەرخانکردن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو ڕەچاوکردنی گرنگن بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و پاراستنی ژینگە.

---

[1] فاندانا شیفا، حروب المیاه الخصخصة التلوث الربح، ترجمة: سمر عبدالمنعم مرسی القاهرة: مکتب سطور للنشر، 2012، ص17.

[2] یزید بوساق، الأمن المائي دراسة في تطور المفهوم والاهمية، مجلة الحقق والعلوم السياسية جامعة خنشلة، المجلد 9 ،العدد2 ، السنة 2022، ص42-43.

[3] يزيد بوساق، مصدر نفسه، ص٤٤-٤٥.

**-3: سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراق**

**دۆخی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق بەهۆی هۆکاری جۆرا و جۆر، لەژێر فشارێکی بەرچاودان، ڕووبارە سەرەکییەکانی (دیجلە و فورات) بۆ دابینکردنی ئاوی وڵاتەکە زۆر گرنگن، بەگشتی سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراق دابەش دەبن بەم شێوەی خوارە وە؛-**

**یەکەم: دابارین**

**واتە هەریەکە لە باران و بەفر و تەزرە و هەمو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی سروشتی بەسەر خاکی عێراقدا دەبارن. ئەگەر سەیری بارانبارین بکەین بەشێوەیەکی گشتی لە عێراقدا نارێکە، کۆی گشتی ساڵانەی بەپێی ناوچە و وەرزەکان جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە، هەندێک ناوچە چەند هێندە زیاتر بارانبارینیان تۆمارکردووە لە چاو هەندێکی تر، ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی جیاوازی هەرێمەکانی ئاو و هەوایە،[1] بارانبارینی ڕۆژانە دەتوانێت تێکڕای مانگانە یان تەنانەت ساڵانە تێپەڕێنێت، ئەمەش جەخت لەسەر سروشتی پێشبینینەکراوی شێوازەکانی بارانبارین دەکاتەوە وڵاتدا، تێگەیشتن لە شێواز و هۆکارەکانی ڕێژەی بەرزی بارانبارین زۆر گرنگە بۆ پلاندانانی هایدرۆلۆجی، بەتایبەتی بۆ کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان وەک زیانەکانی کشتوکاڵی و کاریگەرییە ئابوورییەکانی چالاکییەکانی مرۆڤ،[2] بەشێوەیەکی گشتی ئەو بارانانەی بەسەر عێراقدا دەبارێت ڕێژەییکی کەمە، هەروەها ڕێژەکانی لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ڕێژەی بارانبارین لەعێراقدا لەنێوان ١٠٠ ملم لەهەرێمی بیابان و ناوچەکانی خوارووی عێراق، و لە نێوان ٢٠٠ بۆ 3٠٠ ملم لە ناوچەکانی ناوەڕاست و بەرەوە باکورە، و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان 300-1200ملم دەبارێت، هەموو ئەمانەش کاریگەریان هەیە لەسەر بڕی سەرچاوەی تەقلیدی ئاوی عێراق بۆ بوژاندنەوەی ئاوی ژێر زەوی کە بیر و کانیاوەکان دەگرێتەوە،[3] هەرچی ئەوەی پەیوەندی بە بەفربارینەوە هەیە سنووردارە بە وەرزی زستان و بەهار، لوتکەی بەفربارین لە وەرزی زستاندا ڕوودەدات، بەتایبەتی لە مانگی یەکدا، کە ساردترین مانگی ساڵە لە عێراقدا، بەفربارینی مانگانەی عێراق کە لەژێر کاریگەری پاڵەپەستۆی پەستانی دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور و سیبیریادایە، لە مانگی یەکدا دەگاتە لوتکە، کە ساردترین مانگی عێراقە، بەفربارین دەتوانێت تا مانگی نیسان بەردەوام بێت و بەپێی وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕێت،[4] خۆی لەخۆیدا بەفر کاریگەری هەیە لەسەر ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی و بەشێکی زۆر لە ئاوەکەی دابین دەکات،[5]بەشێوەیێکی گشتی ڕێژەی دابارین لە عێراق دەگاتە نزیکە(94 ملیار) م$^3$مەزندە دەکرێت.[6]**

**دووەم: ئاوی سەر زەوی**

---

**[1] د.قصي عبد المجيد السامرائي وم. جوان سمين أحمد، آثـر الارتفاع في كمية الامطـار الساقطة على شمال العـراق، مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية، جامعة بغداد كلية التربية للعلوم الإنسانية/ ابن رشد، المجلد 2008، العدد 71 ، 2008، ص791-792.**

**[2] د. مالك ناصر عبود الكناني، الامطار القياسية اليومية في العراق، مجلة كلية التربية، جامعة الواسط، العدد الثامن العشر، 2020, ص١٤٦.**

**[3]بيان العساف، انعكاسات الأمن المائي العربي على الأمن القومي العربي :دراسة حالة حوضي الأردن والرافدين ، رسالة الماجستر في جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية والإعلام، ٢٠٠٥، ص249-250.**

**[4] ا.م.د.سالارعلي خضر وآخرون ، الهطول الثلجي في العراق، مجلة مداد الاداب، العدد الثالث عشر، 2017، ص382.**

**[5] م.م. ضحى جواد كاظم و أمير هادي جدوع، الامكانات المائية المتاحة للعراق (دراسة في جغرافية العراق)، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية، جامعة بابل، العدد30، 2016، ص673.**

**[6] انور عبدالزهرة شلش العتابي، الموراد المائية في العراق بين التحدي السياسات و فرص الاستدامة، رسالة الماجستر في العلوم الاقتصادية، جامعة المستنصرية، 2014، ص18.**

ئاوی سەرزەوی یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق، ئەم ئاوە بە ڕووبارەکانی هەمیشە ڕژاو و لقەکانیان و کۆگاکانی ئاوی بەردەم بەنداوەکان دەگرێتەوە، ئەم سەرچاوەیە بڕبڕەی پشتی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییە لە عێراق، بەو پێیەی زۆربەی دانیشتوان و چالاکیە ئابوورییەکانی لە دەوروبەری ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانیان چڕبوونەتەوە، ئاوی سەرزەوی لە عێراقدا هەریەکە لە ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و شەتولعەرەب و ئەو ڕووبارانەی کە تێیان دەڕژێن( ڕووباری خابور، زێی گەورە، زێی بچوك، سیروان، ئەڵوەند، کارون)[1]، تێکڕای داهاتی ساڵانە لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات نزیکەی (45-55 ملیار) م٣ ئەم بڕە بەپێی بارودۆخی کەش و هەوای ساڵی ئاوەکە دەگۆڕێت.[2]

سێیەم: ئاوی ژێر زەوی

ئاوی ژێر زەوی بریتییە لەو ئاوەی کە لە ناخی زەویدا هەڵگیراوە، جا چ وەستاو بێت یان ڕژاو ئەم ئاوە یان بە شێوەیەکی سروشتی و بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ لە شێوەی کانیاودا دەردەکەوێت، یان بە شێوەیەکی دەستکرد لە ڕێگەی دەستێوەردانی مرۆڤەوە لە شێوەی بیر و کارێزدا دابەش دەبێت ئاوی ژێر زەوی بەشێکان بەردەوام پێویستی بەنوێبووەوەیە چونکە نزیکە لە ڕووی زەوی و بۆ خۆراکدانی بەندە بە ئاوی باران و ڕژانی ئاوی ڕووبار و لافاوەوە، سەبارەت،[3] ئاوی ژێر زەوی لە عێراق بە نزیکەی( 3.5 ملیار)م[3] ساڵانە مەزەندە دەکرێت، لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا خەزنەی ئاوی ژێر زەوی هەیە، بەڵام لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ژینگە لە جیهان و عێراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە.[4]

## 2: ئالنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی ئاوی عێراق

عێراق لە مێژوودا بەم شێوەی ئێستا ڕووبەڕووی کەمی ئاو نەبووەتەوە، جگە لە گۆڕانی کەش و هەوای جیهانی، پشتبەستنی وڵاتەکە بە سەرچاوە ئاوییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانییەوە مەترسی ڕاستەقینە دروستکردووە، بەتایبەتی سەبارەت بە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات کە گرنگییەکی مێژوویی بەرچاویان هەیە، سەردەمانێک بە میزۆپۆتامیا ناسرابوو، ناسنامەی عێراق لەگەڵ ئەم ڕووبارانەدا تێکەڵ بووە؛ نەمانی ئەوان سەقامگیرییەکەی دەخاتە مەترسییەوە، پێشبینیەکانی(Water Stress Index) ئاماژە بەوە دەکەن کە بۆ ساڵی ٢٠٤٠ ئەم ڕووبارانە وشکبن، هاوکات بەهۆی وشکەساڵی و بیابانبوون، لەدەستدانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراق ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر دەبن،[5] ئالنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی

---

[1] م.م. خالد جاسم الحجيمي، سياسة إيران المائية تجاه العراق وانعكاساتها على النشاط الاقتصادي دراسة في الجغرافية السياسية، جامعة كوفة، العدد 63، 2021، ص٥٤٩.

[2] أ.د عبد الرازق بسوني الكومي و مصطفى قيس حمادي جبر، الموارد المائية المتاحة في العراق و بوادر شحة المياه، المجلة العلمية بكلية الآداب، العدد49، 2022، ص2.

[3] هدى عساف و د. محمد سعيد المصري، مصادر تلوث المياه الجوفية، الجمهورية العربية السورية، هيئة الطاقة الذري، تقرير عن دراسة علمية مكتبية قسم الوقاية والأمان، ٢٠٠٧، ص٥.

[4]م.م. ضحى جواد كاظم و أمير هادي جدوع، المكانات المائية المتاحة للعراق (دراسة في جغرافية العراق)، مجلة كلية التربية ألساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل، العدد30، ٢٠١٦، ص680-681.

* Water Stress Index: یەکێکە لە پەیمانگا پێشەنگەکانی پەرەپێدانی پێوەرەکانی فشاری ئاو، مەترسییەکانی ئاو لە زیاتر لە ١٨٠ وڵاتدا شیدەکاتەوە، هەروەها ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (FAO) ئەم پێوەرە لە چوارچێوەی AQUASTATدا پەسەند دەکات. هەروەها لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاو (UN-Water) بە ئاو، پشتی پێدەبەسترێت.

5 الحارث الحباشنة، التغير المناخي: جفاف نهري دجلة والفرات يهدد استقرار وأمن العراق البيئي والمائي والغذائي، 2023. متوفر علي موقع التالي: https://www.bbc.com/arabic/in-depth-65807266 لەرێکەوتی 2-7-٢٠٢٥ سەیرم کردووە.

ئاوی عێراق فرەلایەنە، پۆلێن دەکرێن بۆ ئالنگاری ناوخۆیی و دەرەکی و لە ناوخۆدا، لەم باسەدا بەوردی لەسەری دەدوێین بەم شێوەی خوارەوە:-

**2-1: ئالنگارییە ناوەخۆییەکانی بەردەم ئاسایشی ئاوی عێراق**

لە عێراق کۆمەلێک ئالنگەری ناوەخۆی جۆراو جۆر هەیە کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئاوەکەی هەیە، کە ڕێگرن لە بەڕێوەبردنی باشی سەرچاوە ئاوییەکانی بەردەست، دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە دەوڵەتی عێراق، بۆیە لەچوارچێوەی ئەم باسەدا باس لە گرینگترین ئالنگارییە ناوەخۆییەکان دەکەین لەبەردەم ئاسایشی ئاوی لە عێراقدا بەم شێوەی خوارەوە:-

**2-1-1: ئالنگاری دەستوری و یاسایی**

هەر لە ساڵی 1925 تا 2003 دەوڵەتی عێراق هەشت دەستوری جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە،[1] لە هەمو دەستورەکانی کاتی و هەمیشەیی زۆر کەمتەرخەمی لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی سەرچاوە ئاوییەکاندا کردووە، تەنیا لە چەند بڕگەیەکی کەمدا لە دەستورەکانیدا باسی ئاسایشی ئاوی عێراقیان کردووە، لەوانە لە مادەی ١٣ی دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ و مادەی ٢٩ی دەستووری عێراق ساڵی ١٩٩٠، کە تێیدا هاتبوو (سەرچاوە سروشتییەکان و ئامرازە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنان موڵکی خەڵکن و لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی لە کۆماری عێراق وەبەرهێنان دەکرێن لە وەبەرهێنانێکی ڕاستەوخۆدا بەپێی مەرجەکانی پلاندانانی گشتی ئابووری نیشتمانی دەبێت)کە ئەمەش بەڕاستەوخۆ باس لە ئاسایشی ئاو ناکات.[2]
لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە عێراق، نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، لە هەندێك مادەی بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە، لەوانە لە مادەی ١١٠ بڕگەی هەشتەمدا، داهاتوو بەم شێوەیە (پلاندانانی سیاسەتەکانی پەیوەست بە سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی عێراق و دەستەبەرکردنی ئاستی لێشاوی ئاو و دابەشکردنی دادپەروەرانەی لە ناوخۆی عێراقدا، بەپێی یاسا و عورفەکانی نێودەوڵەتی) کەواتە سەبارەت بە ئاو، ئاماژەی بەوەکردووە، کە دەسەڵاتە فیدراڵیەکان بەرپرسیارن لەڕووی پلاندانان بۆ سیاسەتەکانی پەیوەست بە سەرچاوە ئاوییەکان لە دەرەوەی عێراق و دڵنیابوون لە ڕۆیشتنی ئاو بۆی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی لەناو عێراقدا بەپێی یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لە مادەی ١١٤ کە باس لە دەستەڵاتە هاوبەشەکان دەکات لەگەل هەرێمەکان، بەتایبەت لە بڕگەی حەوتەمی باس لەوە دەکات کە(داڕشتنی سیاسەتێک بۆ سەرچاوە ئاوییەکانی ناوخۆ و ڕێکخستنیان بۆ دەستەبەرکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەیان و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت) کەواتە داڕشتنی سیاسەتی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوخۆ و ڕێکخستنیان بە شێوەیەک پشتڕاستکردەوە کە دابەشکردنی دادپەروەرانەیان مسۆگەر بکات، و ئەوەش بە یاسا ڕێکبخرێت.[3] بەڵام بەم شێوازە بەڕێوەبردنی ئاو لە داهاتوودا لە عێراق ئەگەری هۆی دروستبوونی ململانێی لە نێوان هەرێمەکان و پارێزگاکانی لە هەرێمدا ڕێکنەخراون و حکومەتی فیدراڵی هەیە،[4] چونکە دەوڵەتی عێراق لە چوارچێوەی دەستووری و یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان، ڕووبەڕووی بۆشایی بەرچاو بووەتەوە، چ لە ئاستی ڕێکخستن، بەکارهێنان، بەکاربردنی ئاوەوە، لە کاتێکدا زۆرێک لە وڵاتانی دراوسێ دانیان بە پێویستی چارەسەرکردنی خێرای ئەم پرسە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەمی ئاو داناوە و هەوڵیانداوە چوارچێوەی یاسایی و دەستوری بۆ ئەم پرسە دیاری بکەن، بەڵام لە عێراق ڕێسای یاسایی گشتگیری نییە کە بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە گرنگە بەڕێوەببات، ئەم نەبوونیە بەشداری کردووە لە خراپتربوونی قەیرانی ئاو و بەفیڕۆدانی بەربڵاو لەسەرتا سەری عێراق، کە هەڕەشە لە ئاسایشی ئاوی وڵاتەکە دەکات و دەستپێشخەرییەکانی سیاسەتی ئاوی دەوڵەت تێکدەدات، لەگەل ئەوشدا دەستوور گرنگی ئاوی وەک سەرچاوەیەکی سروشتی بۆ دانیشتووان

---

1 قصي حبيب الحسيني، قراءات في دساتر العراق،2017، بدون مكان النشر، ص13.

2 منذر الشاوي، فلسفة الدولة، دار ورد للنشر والتوزيع ، عمان، الاردن، 2012، ص44-69.

3 دەستور جمهورية العراق، 2005، المادة (110، 111، 114)

4 أ.م.د. جاسم محمد مصحب و حميد نعمة عيدان، التحديات الدخلية لازمة المياه في العراق، دراسات سياسية و إستراتيجية، جامعه كربلاء، 2011، العدد45، ص134-135.

پشتگوێخستووە، لەبری ئەوەی بەڕێوەبردنی ئاو وەک یەکەمایەتیدان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، مادده دەستورییە پەیوەندیدارەکان (مادەکانی 110، 111، برگەی 7 لە مادەی 114) بە شێوەیەکی لاواز دارێژران، بە ڕواڵەت تەنها لە قۆناغەکانی دواتری پرۆسەی داڕشتندا باسیان لێکرا.[1]

ئەوەی لێرەدا ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کەوا تێگەیشتنێکی ڕوون لەم بابەتەدا نییە، جگە لەمەش جۆرێک لە نا ڕوونی و وردبینی و نادروستی هەیە، چونکە مشتومڕێک لەسەر بابەتی ئاوی ناوخۆ هەیە بەو پێیەش بووەتە یەکێک لە ئەو شتانەی کە ڕێگری لە دابەشکردنی ئاو دەکەن بۆیە دەقی ئەم مادانە دەبێت ئەوە بێت کە ئەو ئاوانەی بە ناوچەیەک یان پارێزگایەکدا تێدەپەڕن موڵکی هەموو عێراقن، و دابەشکردنیان ناوەندییە، و بناغە ڕوونەکان بۆ دابەشکردنەکە لەم ئاوە پێویستە دامەزرێت نایەکسانی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمەکان و پارێزگارەکان کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون کاریگەری زۆری لەسەر بەکارهێنانی ئاو هەبووە و ئەمەش ئەوەیە کە لە مادەی ١١٥دا هاتووە، کە پشتڕاستی کردەوە کە هەموو شتێک کە لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگارەکانە کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین و دەسەڵاتەکانی تر کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمدا هاوبەشن، پێشینە دەدرێت بە یاسای هەرێمەکان،[2] بەم پێیە هەر جیاوازییەک لە نێوان هەر هەرێمێک ڕێگری لە ڕۆیشتنی ئاو لە نێوان پارێزگارەکاندا دەکات، ئەمەش وێنەی دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی دەدات، ئەمەش بە واتای دەسەڵاتی هەرێمەکانە بەسەر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی زاڵە، جیاوازی دەستووری پەیوەست بە پرسی ئاو زیاتر دەردەکەون کاتێک ئاستی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات دادەبەزێت لە ئەنجامی پێشێلکارییەکانی سیاسەت و پرۆژەکانی ئاوی ئەو وڵاتانەی کە ئاوی هاوبەشیان لەگەڵ عێراقدا هەیە، بەو پێیەی ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازیی توند لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان و لە نێوان پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور لەسەر بنەمای پشکی ئاوی هەر پارێزگایەک، هەموو ئەم جیاوازیانە ڕەنگە ببێتە هۆی پێکدادانی چەکداری.

2-1-2: کێشەی پیسبونی ئاوەکانی عێراق

پیسبوونی ئاوی ڕووبارەکان لە عێراق یەکێکە لەو کێشە گەورانەی کەڕووبەڕووی عێراق بۆتەوە، ئەم پیسبونە ساڵ بەدوای ساڵ لە زیادبووندایە، ڕوانگەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ٢٢ی ئازاری ٢٠٢٣ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، بەهۆی فڕێدانی نەوت و ئاوەڕۆ و پاشماوەی پزیشکی بۆ ناو ڕووبارەکان، ئاوی ڕووبارەکانی عێراقی زۆر پیس کردووە، سەرەڕای تێپەڕاندنی بودجەی بەرفراوان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، بەڵام هەموو حکومەتەکان چارەسەری کاریگەریان نەدۆزیوەتەوە بۆ ڕێگری کردن لە پیسبوونی ئاوەوە، هەروەها پیسبوونی ئاو لە عێراق ساڵانە لە زیادبووندایە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و دابەزینی خزمەتگوزارییەکانی پاککردنەوەی ئاو و زیادبوونی فڕێدانی پاشماوەکانەوەیە، ئەم پیسبوونە پێشێلکارییەکی ڕاستەقینەی لەسەر ئاسایشی ئاوی دروستکردوە، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە پیسکەرەکان کاریگەرییان لەسەر تەندروستی عێراقییەکانیش هەیە.[3] بەگشتی دەکرێت هۆکارەکانی پیسبونی ئاو لە عێراق پۆلێن بکەین بە شێوەی خوارەوە:-

1) خراپبونی سروشت و کواڵێتی سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکانی کە دێنە ناو عێراقەوە، بەو پێیەی ئەم سەرچاوانە جیاوازن لە ڕووی چڕیی خوێیەوە، دەستیان بە بەرزبوونەوە کردوە، بەتایبەتی لە ئاوی ڕووباری فورات، دوای ئەوەی تورکیا پرۆژەی بەنداوی زۆری لەسەر ڕووباری فورات دروستکردوە.

---

[1] دستور جمهورية العراق"الوقائع العراقية" العدد 4012، في 2005/12/8.

2 أ.م.د. محمد حسين محيسن المنصوري، المعوقات الجغرافية التي تواجه الموارد المائية و سبل التنمية المستدامة في العراق، مجلة كلية التربية، جامعة الواسط، مجلة 54، العدد 1، 2021, ص276.

3 المرصد العراقي لحقوق الإنسان(IOHR)، مياه العراق ملوثة بالبراز و النفط و المخلفات الطبية، 2023. متوفر علي موقع التالي:- https://iohriq.org/ar/126-.html لەڕێکەوتی ٩-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005- 396X

2) پاشماوەی مرۆیی، پیشەسازی و سەربازی و کشتوکاڵی کە فڕێدەدرێنە ناو ڕووبارەکان، هەروەها دزەکردنی نەوتی خاو بۆ ناو ئاوەکانی ڕووبارەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر.
3) گۆڕانی کەشوهەوا.
٤)لاوازی هۆشیاری پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان لەلایەن تاکی عێراقیەوە.[1]

**3-1-2: زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە عێراق**

گەشەی بەردەوامی دانیشتوان لە عێراق یەکێکی دیکەیە لەمر خاڵانەی کەکاریگەریان دروستکردوە لەسەر دابینکردنی ئاسایشی ئاوی عێراق، بەهۆی نەبوونی پڵانی گەشەی دانیشتوانەوە وایکردووە کەوا ژمارەی دانیشتوانی عێراق سال لەدوای ساڵ زیاتر ببێت کە ئەمەش خواستی لەسەر ئاوی شیرین بەرزکردووەتەوە، لەکاتێکدا دابینکردن ئاو بەرامبەر بە بەرزبونەوە ی ژمارەی دانیشتوان هاوتەریب نیە،[2] ڕێژەی بەکاربردنی ئاو زیاتر بووە، هەروەها پێشبینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە داواکاری ئاو لە عێراق ساڵ لەدوای ساڵ لەبەرزبونەوەی بەردەوام دەبێت، ئەمەش وێناکردنی ئەو قەیرانە لە ئارادایە کە ڕووبەڕووی ئەمر وڵاتە دەبێتەوە، پەرەسەندنی پێویستی ئاوی خواردنەوە، دابینکردنی شارەوانییەکان و کشتوکاڵ کە بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاسایشی خۆراکدا هاوتەریبە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان.[3]

زیادبوونی بەرچاوی دانیشتووان عێراق لە چەند دەیەی ڕابردوو و بۆتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر ئاو، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان، ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٧ دوو هێندە زیادی کردووە و گەیشتە ٣٠ ملیۆن کەس، لە ساڵی ٢٠٢٤ گەیشتووەتە ٤٦ ملیۆن کەس، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ٢.٦% دەبێت، هەرچەندە ئەمر ڕێژەیە گەشەکردنە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی دیکە بە بەرزی دەمێنێتەوە، هاوکات حکومەتی عێراق پاڵپشتی نرخی ئاوی کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی، بەبێ چاکسازی لە نرخ و بەڕێوەبردنی ئاودا، ئەگەری زۆرە کەلێنی نێوان دابینکردن و داواکاری زیاتر گەشە بکات.[4]

**4-1-2: خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو**

یەکیکی دیکە لەو خاڵە کاریگەرانەی کە پەیوەستە بە ئالنگاری دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە عیراق بریتیە لە خراپی و نەبونی کارامەیی بۆ بەرێوە بردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە دەوڵەتی عێراق، دەوڵەتی عێراق 19 بەنداوی هەیە، کە زۆربەیان لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانیان دروستکراون، بەڵام لەگەل ئەوشدا عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا وڵات تووشی خراپتربوونی قەیرانی ئاو بووە، کەکاریگەری بەرچاوی دروستکردوە لەسەر کەرتە جۆراو جۆرەکان، کە ئەمەش بە گشتیی دەگەرێتەوە بۆ خراپی بەرێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و بەفیرۆدانی ئەو بڕەی بەردەست، خراپی بەڕێوەبردنی ئاو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە شتیکی نوێی نیە بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە زۆر خراپتربووە لە وانەی پێشووتر، کە بۆتە هۆی لەدەستدانی بڕێکی زۆری ئاوی گڵدراوە، وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ ئەمر قەیرانە لاوازە و تەنانەت بژاردەکانی بەردەمی سنوردار و ناتەواوە،[5] ئەویش بەهۆی ئەوەی عێراق کێشە ناوخۆییەکان زۆر زیاتربوون لە توانای حکومەت، بە

1 م.د. منتظر فاضل البطاط، تلوث المياه في العراق وآثاره البيئية، مجلة القادسية للعلوم الإدارية و الاقتصادية، المجلد ١١، العدد ٤، ٢٠٠٩، ص128-129.

2 انور عبدالزهرة شلش العتابي، مصدر سابق، ص٥٤.

3 علي كريم إذهيب، مع استمرار أزمة المياه هل يدق النزوح الريفي باب المدن العراقية، 2021/12/4. متوفر علي موقع التالي؛ https://ejaz-news.iq/95--.html لەرێکەوتی ١٠-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

4 ا.م.د. لطيف هاشم كزار و م.م.ميادة كاظم عبد، الأمن المائي العراق رؤية سكانية، عدد الخاص بابحاث المؤتمر العلمي الخامس لكلية التربية العلوم الإنسانية، جامعة واسط، 13-14 نيسان، 2012، ص1481-1482.

5 المعلومة، بالانفوغرافيك.. عدد سدود العراق وتاريخ انشائها، 2024. متوفر علي موقع التالي؛ https://shorturl.at/owH3b .

تایبەت بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و میلیشیا توندڕەوەکان لە پێشینەی کارەکانیدا، جگە لەوەش بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی حکومەت لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا زۆر ماندوویکرد، ئەمەش وایکرد حکومەت ئەم کەرتە بەتەوای پشتگوێ بخات، لە ئەنجامدا کەرتی کشتوکاڵی عێراق زیانی مەزنی بەرکەوتووە و حکومەت نەیتوانیوە شێوازەکانی ئاودێری بە شێوەیەکی گونجاو مۆدێرن بکات، ئەم سەرقاڵیەی حکومەت بە کێشە ناوەخۆییەکان وایکرد وڵاتانی هاوسێی عێراق سیاسەتە ئاوی خراپ بەرامبەر بە عێراق ئەنجامبدەن هەرچەندە حکومەتی عێراق هەڕەشەی ئەوەی کرد کە قەیرانی ئاو زیاد بکات، دەست دەکات بە تۆمارکردنی سکاڵایەکی فەرمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبەرامبەر وڵاتانی دراوسێ ئەگەر بەردەوام بن لە سنووردارکردنی ڕۆیشتنی ئاو بۆ سنوری عێراق، بەڵام نەیتوانی بەدواداچوون بکات یان بەدیلێکی گونجاو بۆ کارەکانیان بدۆزێتەوە.[1] بەرادەوامی ئەم قەیرانە وا دەکات کەوا  بە هەزارەها خەڵک ناوچەکانی خۆیان بەجیهڵن و ئاوارەبن بۆ ناوچەی دیکە،[2] گرنگترین خاڵە لاوازەکانی حکومەتی عێراق بۆ چۆنیەتی بەرێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو بریتین لەمانەی خوارەوە:-

ا) نەبونی هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوەکان

بەڕێوەبردنی کاریگەری ئاو پێویستی بە هاوکاری نێوان دامەزراوە جیاوازەکان هەیە، بەڵام لە عێراق بڕیاری تەرخانکردنی ئاو بە پلەی یەکەم لەلایەن وەزارەتی سامانەکانی ئاوەوە  و کشتوکاڵەوە دەدرێت، کە دەبێت پێویستییە کشتوکاڵییەکان لەبەرچاو بگرن، بەڵام لەگەل ئەوەشدا دەبیت هەریەکە لە وەزارەتەکانی پلان دانان و شارەوانی و دارایی و تەنانەت وەزارەتی نەوتیش پێویستە بەشدار بن لەم پرسە و هەماهەنگی هەبێت لە نێوانیان، بەڵام ئەمە لە عێراق بەدی ناکرێت،[3] تەنانەت زۆرجار دەزگاکان لە ئاستی فیدراڵی، پارێزگا و ناوخۆیی بە گۆشەگیری کاردەکەن و ئامادە نین داتاکان هاوبەشی بکەن یان هاوکاری یەکتری بکەن بەرەو ئامانجە هاوبەشەکان، بەهۆی کاریگەرییە سیاسییەکانەوە خراپتر دەبێت، کەوا دە کات هاوکاری نێوان دەزگاکان بشێوێنێت، بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە دابەشبوونە سیاسییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە پۆستەی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو و کشتوکاڵ، بە سیستەمی پشک پڕبکرێنەوە  نەک لەسەر بنەمای پسپۆری و کەسانی شارەزا ئەمەش وایکردوە کەوا بارودۆخی سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵ لە عێراق بەرەو دارِمان بروات.[4]

ب) خراپی و لاوازی ژێرخانی  دامەزراوەکانی ئاو

پشتگوێخستنی بە دامەزراوەییکردنی کەرتی ئاو کاریگەری خراپی دروستکردوە لەسەر لاوازبوون و خراپتربونی ژێرخانی پرۆژە ئاوییەکان لە عێراق، لە ئەنجامدا وێستگەی پاککردنەوەی ئاوی لە شارەکان دارِماندوە، تەنانەت ئاوی پیسبوەکانی تیکەڵ ڕووبارە گەورەکان وەک دیجلە دەدات، جگە لەمەش دابەزینی ستاندارده دامەزراوەییەکان زیاتر پشتگوێخستنی ژێرخانی خراپتر دەکات، ئەو وەزارەتانەی بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی ئاو، لەوانە وەزارەتی بیناسازی و نیشتەجێکردن، شارەوانی، وەزارەتی ژینگە، وەزارەتی پلاندانان، پاراستنی ژێرخانی ئاو بەتایبەتی دامەزراوەکانی پاککردنەوەی ئاو لە پێشینەی کارەکانیان دانەناوە، هەڵوێستی باو لە نێوان بەرپرسانی حکومەتدا جێگەی نیگەرانییە، چونکە ئەوان سەرنجیان لەسەر دارِشتنی بەڵگەنامە ستراتیژییەکانە نەک چارەسەرکردنی پێویستی بەپەلە بۆ باشترکردنی ژێرخانی ئابوورییە.5

ت) جێبەجێکردنی لاواز  لە پرۆژە ئاوییەکان

---

[1] Birkman Kool and Torossian, Interprovincial Water Challenges in Iraq: Initial Analysis of an Urgent and Under-researched Crisis. Water , Peace and Security Partnership, 2020, p7.

[2] نظير الأنصاري، مخاطر الأزمة المائية في العراق: الأسباب وسبل المعالجة، مركز الجزيره للدراسات، ٢٠١٨، ص٥.

[3] أ.د. مصطفي جاسم حسين و سلوى غضنفر حكمت، تحديات الامن المائي العراقي، المجلة السياسية الدولية، جامعه المستنصريه، العدد ٥٤، ٢٠٠٥، ص٦٥.

[4] إمرول إسالمر و توماس ويلسون، غير كافية وغير عادلة: شحة المياه والنزوح في العراق، (NRS)المجلس النرويجي للاجئين، 2023، ص١٢-٢٢.

5 Clingendael Netherlands Institute of International Relations, Water Governance in Iraq Water, Peace, and Security, Ministry of Foreign Affairs of the Netherlands, 2022, p4-10.

هەندێکجار داینامیکی سیاسی ڕێگری لە جێ بەجێکردنی پرۆژە ئاوییەکان دەکات، بەتایبەتی لە کاتی کەمبونەوەی ئاودا، ئەمەش بارودۆخی پارێزگاکانی خوارەوەی ئاوی وەک میسان، بەسرە و زیقار خراپتر کردووە، دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان، گرژییە کۆمەڵایەتییەکانی لەو ناوچانە زیاتر کردووە، دەسەڵاتداران ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر کردۆتەوە لەلایەن هاوپەیمانییە سیاسییەکان و هێزە میلشاوییەکان، کە پەرە بە خراپ بەکارهێنانی ئاوی سەرزەوی دەدەن، لایەنگری سیاسی بۆ سەرپێچیکاران جێبەجێکردنی یاسا لاواز دەکات، چونکە پرۆژەکانی بیناسازی و جووتیاران و هۆزەکان بەرەنگاری هەوڵەکان دەبنەوە بۆ سنووردارکردنی خراپ بەکارهێنانی ئاو، ئەمەش سەرچاوەی ڕووبارەکان زیاتر کەمدەکاتەوە، ئەم بەرخۆدانە زۆرجار لەلایەن کەسایەتییە بەهێزەکانەوە پشتیوانی دەکرێت کە خۆیان لە لێپرسینەوە دەدزنەوە، لە ئەنجامدا کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان بەرگەی کەمی ئاو دەگرن لە کاتێکدا بەرژەوەندییە کاریگەرەکان ئەجێندای خۆیان بەدوادا دەگەڕێن، بە سیاسیکردنی بەڕێوەبردنی ئاو جێبەجێکردنەکەی ئاڵۆزتر دەکات، چونکە بڕیارەکان بەهۆی پاڵنەرە سیاسییەکانەوە دەجولێن نەک پێداویستییە ژینگەییەکان، ئەمەش متمانە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا دەشێوێنێت، شەرعیەتی هەوڵە ڕێکخراوەییەکان تێکدەدات و بێ سزایی بۆ تاوانباران، لە ئەنجامدا توانای دەسەڵاتداران بۆ جێبەجێکردنی ڕێساکان کەم دەبێتەوە، ئەمەش ململانێی کۆمەڵگا لاوازەکان خراپتر دەکات.[1]

ج) سنوورداری دارایی بۆ پرۆژەئاوییەکان

فراوانبوونی ژێرخانی ئاو و بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای چاودێری بایۆلۆجی پێویستی بە بوجەی تایبەتە، بەڵام لە عێراق کەمی بودجەوە بۆتە هۆی بەربەستە بۆ پەرەپێدان بەپرۆژە ئاوییەکان، جگە لەوەش بوجەی پێویست بەردەست نیە بۆ چاکردن لەبواری ژینگەیی بەتایبەت بۆ پرسی ئاو، ئەم ئاستەنگییە داراییانە وێستگەکانی چاودێری و تاقیگەکانی وەزارەتی ژینگەی عێراقیان پەکخستووە، تەنانەت نۆژەنکردنەوەی ئەو وێستگانە کە لە ساڵی ٢٠١٢ کۆمپانیایەکی بیانی دامەزراندووە، بەهۆی بیرۆکراسی و نەبوونی ڕەزامەندی وەزارەتی پلاندانانەوە دواکەوتووە، بە گشتی دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی ئاو، لەوانەش وەزارەتەکانی ژینگە، سەرچاوەکانی ئاو، کشتوکاڵ، لە پێشینەی کارەکانی قەوارە سیاسییەکانی عێراق نین، لە کاتێکدا خەرجییە پێشبینیکراوەکان بۆ ستراتیژییە سەرەکییەکانی وەک ستراتیژیی سەرچاوەکانی ئاو و زەوییەکانی عێراق بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠١٨کۆی گشتی بوجەی عێراق بریتی بوو لە 88.5تریلیۆن دیناری عێراقی بوو لەم بوجە بەشە پشکی وەزارە تی سەرچاوەیی ئاوییەکان تەنها 1.5 تریلیۆن دیناری عێراقی بوو، لەگەڵ پرسە سیاسییە ڕاستەقینەکان ڕێگری لە هەر زیادبوونێک دەکەن و بە گرنگی نازانن.2

د) خراپی سیاسەتی وەزارەتەکان لە پرسی ئاوی دەرەوەی سنوورەکان

ئەو ناهاوسەنگییە وەسفکراوە نەک هەر حوکمڕانی ناوخۆ تێکدەدات بەڵکو توانای عێراقیش لاواز دەکات بۆ دانوستانی کاریگەر لەگەڵ دراوسێکانی سەرەوە، ساڵانێکە عێراق لە ململانێدایە بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی زیاتر لە تورکیا و ئێران کە ڕووبارە گەورەکان لێیەوە سەرچاوە دەگرن، لە دەیەی ڕابردوودا ڕووبارەکانی دیجلە و فورات ڕووبەڕووی دابەزینێکی بێ وێنەی ئاستی ئاو بوونەتەوە، بە پلەی یەکەم بەهۆی پرۆژەکانی ئەو وڵاتانە، ئەم دابەزینە لە دڵی قەیرانی کەمی ئاوی عێراقدایە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بە تایبەت لە پارێزگاکانی باشووردا هەیە، سەرەڕای هەوڵەکانی بەغدا بۆ دیپلۆماسی ئاو،[3] جگە لەمەش بەهۆی نەبوونی ستراتیژی و سیاسەتی گشتی حکومە

---

1 صفاء خلف، أزمة المياه في العراق: ديناميك الصراع الإقليمي ومخاطر الاقتتال الداخلي الاقتتال الداخلي، ٢٠٢١. متوفر على موقع التالي:-https://safaakhalaf.com/2021/09/19/1047/ لەرێکەوتی ٤-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

[2] م.د. محيد نعمة الصاحلي، مشكلة تقاسم المياه المشتركة بنين العراق وتركيا دراسة في اابعاد القانونية، وقائع المؤتمر العلمي الدولي الثالث ) دور العلوم الانسانية والجتماعية فى التنمية و خدمة اجتماع، ملحق المجلة العراقية، المجلد17، مجلد 2022،2، ص١٠٥.

[3] مريم على ابراهيم، تداعيات سياسات تركيا وإيران على الأمن المائي العراقي، 2022. متوفر على موقع التالي:- https://shorturl.at/HkMSQ لە ڕێکەوتی 10-5-2025 سەیرم کردووە.

تی عێراق لەسەر ئاستی وەزرەتەکان لەبارەی پرسی ئاسایشی ئاوەوە، کاریگەری خراپی لەسەر هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان دروستکردووە زۆرجار بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن هیچ هەنگاوێکیان لەبارەی پرسی ئاوەوە هاوبەشی ناکەن یان هاوبەشیان زۆر لاوازە، چونکە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان ڕۆڵێکی ناڕێژەیی گەورە بە بەراورد بە بەرپرسیارێتییە ناوخۆییەکانی دەگرێتە ئەستۆ نەک لەسەر ئاستی دەرەکی، جگە لەوەش تیمی دانوستانکاری عێراق بڕوانامە و ئەزموونی پێویستی نییە، زۆرجار ئەندامەکان بۆ پەیوەندی سیاسی هەڵدەبژێردرێن نەک شارەزایی و لێهاتویان لەپرسی ئاسایشی ئاوەوە.1

**٢-٢: ئالنگارییە دەرەکیەکانی بەردەم ئاسایشی ئاوی عێراقی**

لەم چوارچێوەیە ئەم باسەدا باس گۆرانی کەش و هەواو ، سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێی عێراق دەکەین کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئاوی عێراق هەیە و بۆتە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی ئاستی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات، ئەم گفتوگۆیە باس لە سیاسەتی ئاوی هەریەکە لە دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و سوریا دەکۆڵێتەوە و قووڵ دەبێتەوە بە تایبەت پرۆژە ئاوییەکانیان کە چارەنوسی داهاتووی عێراق دیاری دەکەن، بۆیە بەوردی لەبارەیانەوە دەدوێین.

**2-2-1: کێشەی گۆرانی کەش و هەوا**

لە سەردەمە جیۆلۆجیەکانی ڕابردوودا، جیهان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە کەشوهەوادا بەخۆیەوە بینیەوە بەهۆی هۆکارە سروشتییەکانی وەک پەیوەندی زەوی لەگەڵ خۆر و گۆڕانی ئاستی تیشکدانەوە، ئەم گۆڕانکاریانە وەک ماوەی درێژخایەنی هەڵاوسانی نائاسایی پلەی گەرمی و کەمبوونەوەی بارانبارین دەرکەوتن، کەڵەکەبوونی ئەم گۆڕانکاریانە کە بەهۆی گەرمبوونی جیهان و چالاکییەکانی مرۆڤەوە خراپتر بووە، بووەتە هۆی درێژخایەن و چڕبوونەوەی وشکەساڵی، بەڵام ڕەوتی گشتی بەرەو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بووە، کە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە دیارە،[2] ڕەوتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جیهانی لە ساڵی٢٠١٠دا زیاتر دەرکەوت، بەتایبەتی بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما بە شێوەیەکی بەرچاو لە تێکڕای مێژوویی تێپەڕاند و بووە هۆی ئاگرکەوتنەوەی بەرفراوانی دارستانەکان، لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێک ناوچە بەتایبەتی بەشێک لە ئەفریقا و باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا پێشبینی دەکرێت لەم سەدەیەدا ڕێژەی بارانبارینیان بە ڕێژەی ٣٠% کەم ببێتەوە بە بەراورد بە سەدەی بیستەم، ئەم گۆڕانکارییە جیهانیانە بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لە عێراقدا دیارە، بەڵگەی کەمبوونەوەی بارانبارین و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەهەڵمبونی ئاو، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاو کە کاریگەری خراپی لەسەر کەرتی ئابووری، کەرتی کشتوکاڵ دەبێت، و ڕووبەری زەوییەکانی بەکەڵك داچاندن دێن کەمدەکاتەوە.[3]

عێراق دەکەوێتە ناوچەی وشک تا نیمچە وشک لە نێوان بازنەی پانی ی N°29 و N°37، ناوچەکە سەرچاوەی سنووردار بەخۆیەوە دەبینێت و تووشی وشکەساڵی توند دەبێت،[4] گۆڕانی کەش و هەوا جیهانیە بەڵام دەوڵەتی عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین کاریگەری ئەم گۆڕانەی لەسەرە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ٢٠٠٤دا تێکڕای بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ساڵانە ١ بۆ ٢ پلەی سەدی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بووەتە هۆی وشکەساڵی توندتر. بەرپرسانی حکومەت ئاماژەیان بەوە کردوە کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا تێکڕای بارانبارینی ساڵانە بە ڕێژەی لەسەدا ١٠ کەمتر بووە لەوەی پێشبینی دەکرا کاتێک بەراورد بە سێ دەیەی پێشوو لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، توێژەران پێشبینی دەکەن تا ساڵی ٢٠٥٠ ڕێژەی

---

[1] American University - Sulaymaniyah, Youth Activism & Environmental Governance in Iraq, 2023. Available on the following website :https://shorturl.at/bin4H .لەرێکەوتی ٩-٧-٢٠٢٤ سەیرم کردووە

[2] ا.د. اياد عبد علي سلمان الشمري، مجلة ميسان للدراسات الاكاديمية، العدد ٢١، المجلد11، كانون ألاول ٢٠١٢، ص٦٨.

[3] ا.د. رضا عبد الجبار سلمان الشمري وعباس حمزة علي الشمري، مشكلات المياه في العراق الواقع و الحلول المقترحة، مجلة القادسية، للقانون و العلوم السياسة، العدد1، المجلد2، 2009، ص30.

[4] أ.د. شيماء عادل فاضل، التنمية المائية المستدامة في العراق المعوقات و سبل المواجهة، مجلة الدنانير، العدد19، 2020، ص47-48.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005- 396X

بارانبارین لە عێراق بە ڕێژەی ٢٥% کەمبێتەوە، ئەمەش بیابانبوون و کەمی ئاو و زیادبوونی بەهەڵمبوون و کەمبوونەوەی بەردەستبوونی ئاو زیاتر دەکات.[1]هەروەها ئەم گۆرانی کەش و هەواییە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ڕووبارەکان، ڕێگە بە ئاوی دەریا دا کە زیاتر هەلبکشێن بۆ سەر زەویەکانی باشوور و شووتی زیاد بکات و مەترسی لەسەر کشتوکاڵ دروست بکات، ئەمەش بژێوی ژیان و مانەوەی کۆمەڵگای خۆشگوزەران دەخاتە مەترسییەوە،[2] گۆڕانی کەشوهەوا مەترسی گەورەیە نەک تەنها بۆ سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵە بەڵکو بۆ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی بەردەوام و ئاستەنگە ژینگەیی و ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەکانی عێراق گەورەتر دەکات، لە کاتێکدا زۆرێک لە وڵاتان لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوادا دەجەنگن، ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی ناوخۆیی زۆر گرنگ دەگرنبەر، پێویستە کاری دەستبەجێ بکرێت بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی خۆڕاگر لەگەل کەش وهەوای راهاتوو ئامادەبکرێت، هەروەها کاری جدی بکرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان و توندبوونەوەی پەتاکان، و دۆزینەوەی چارەسەر گونجاو بۆیان.[3]

**٢-٢-2: سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر عێراق**

لەم باسەدا باس لە سیاسەتە ئاوییەکانی وڵاتانی دراوسێ دەکەین بەرامبەر بە عێراق کە گرتویانە بەر و کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئاوی عێراقەوە دروستکردوە، بۆیە لە چوارچێوەی ئەم باسە باس لەسیاسەتی ئاوی هەریکە لە دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و سوریا دەکەین کە لەبەرامبەر عێراق بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم: سیاسەتی ئاوی دەوڵەتی تورکیا**

بەڕێوەبردنی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بەهۆی سیاسەتی ئاوی تورکیاوە بووەتە پرسێکی بەرچاو لە ناوچەکە. پێش جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێک ڕووبارەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەڕێوەدەبرا، هیچ ململانێیەکی سیاسی و یاسایی لەسەر بەکارهێنانیان نەبوو، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکە، داینامیکی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە گۆڕا و لە ئەنجامدا ناکۆکی لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان لە نێوان تورکیا و عێراق و سوریادا دروست بوو. کۆنترۆڵی ستراتیژی تورکیا بەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانیاندا کاریگەری بەرچاوی هەیە، تورکیا ئەم سەرچاوانە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاودێری و کارەبا، ئەو پرۆژانەی تورکیا، نیگەرانییەکانی سوریا و عێراق بەرزکردەوەتەوە، چونکە کاریگەری لەسەر دابینکردنی پشکی ئاوەکانیان دەبێت،[4] خۆی لەخۆیدا سەرچاوە سەرەکیەکانی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات لە تورکیاوە هەڵدەقولێت، بۆیە تورکیا خۆی بە دەسەڵاتێکی ڕەها دەزانێت بەسەر ئەو ئاوانەی کە لە خاکەکانییەوە سەرچاوە دەگرن، داواکارییەکانی دراوسێکانی بۆ پاراستنی مافی ئاو ڕەتدەکاتەوە، هەروەها ڕایدەگەیەنێت کە سەرچاوەکانی ئاو هاوشێوەی سەرچاوە نەوتییەکانن، چۆنیەتی بەکارهێنانیان بەمافی تەنهای خۆی دەزانێت، ئەمەش وایکردوە سیاسەتی ئاوی تورکیا بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی دیجلە و فورات بێت،[5] تەنانەت بەڕێوەبردنیان، وەبەرهێنانیان لە ڕێگەی پرۆژەی زەبەلاحەوە بۆ دروستکردنی بەنداو کە لەلایەن تورکیاوە جێبەجێ دەکرێت، لەکاتێکدا عێراق و سوریا پێیان وایە کە سیستەمی

---

[1] حسن الجنابی، من الاسترخاء الي الاجهاد المائي: مشكلة المياه في العراق و علاقتها بالسياسات المائية لدول الجوار و تغير المناخ، مركز الامارات للسياسات، 2024، ص٧-٩.

[2] غلام إسحق زي، المناخ والبيئة، مؤتمر الأمم المتحدة السابع والعشرين لتغير المناخ COP27، شرم الشيخ، مصر، ١٣ تشرين الثاني٢٠٢٢.متوفر علي موقع التالي:- https://news.un.org/ar/story/2022/11/1115457 لەڕێکەوتی ٢-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

[3] المنظمة العربية للتنمية الزراعية، برامج الأمن الغذائي العربي، الموارد الطبيعية، الخرطوم، ١٩٨٦، ص٣.

[4] فرح عبد الكريم محمد، النزاع على المياه بين العراق وتركيا ( 2014 -2003)، رسالة الماجستير في العلوم السياسة، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاداب و العلوم، 2014، ص83-85.

[5] د.إسماعيل شعبان و د. محمود مرشحة، المشاريع المائية التركية المقامة على نهر الفرات و تأثيراتها على سوريا، مجلة جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية، المجلد٢٩، العدد٤،٢٠٠٧، ص١٢٣.

دابەشکردنی ئاو لە دوو ڕووباری نێودەوڵەتی، دەبێت بەپێ یاسای نێودەوڵەتیەوە مامەڵەی لەگەل بکرێت، بەڵام تورکیا ڕەت دەکاتەوە کە ئەو دوو ڕووبارە نێودەوڵەتی بن، هەربۆیە لەسەر بنەمای ئەمەش ڕوونە کە سیاسەتی ئاوی تورکیا پشت بە پرەنسیپی هاوکاری هاوبەش بۆ سودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نابەستێت، بەڵکو مەیلێکی پراگماتیک و ڕوانگەیەک بۆ ڕیالیزمی سیاسی پەیڕەو دەکات.[1]

لەروانگەی تورکیا بۆ سیاسەتی ئاوی وڵاتەکەی، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بڵاوکراوە یەکیان لەبارەی سیاسەتی ئاوی تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ئاو سەرچاوەیەکی بەنرخە کە ڕۆژ بە ڕۆژ دابینکردنی کەم دەبێتەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، پیشەسازیی خێرا و شارنشینی دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرچاوی بەکارهێنانی ئاوی جیهانی، هەروەها گۆڕانی کەش و هەوا فشار دەخاتە سەر سەرچاوەکانی ئاو، پێشبینی دەکرێت ئەم خواستە لەسەر ئاو لە ماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوودا وردە وردە زیاد بکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کەوا تورکیا وڵاتێکی دەوڵەمەند نییە بە سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها لەڕووی بەکارهێنانی ئاوی ساڵانە بۆ هەر تاکێک ئاوی کەمتری هەیە لە چاو وڵاتانی دراوسێی، بەپێی ئەو خەمڵاندنەی کە لە ساڵی ٢٠٣٠ ژمارەی دانیشتووانی تورکیا دەگاتە ١٠٠ ملیۆن کەس، پێشبینی دەکرێت بڕی ئاوی بۆ هەر تاکێک لە تورکیا نزیکەی هەزار مەتر سێجا بێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی تورکیا لە ڕووی جوگرافی و وەرزییەوە جیاوازن، ناتوانن پێداویستییەکانی ئێستا و پێشبینیکراو لە هەموو ناوچەیەکدا دابین بکەن، هەروەها جەختیشی لەوە کردەوە کە تورکیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەنگاوی بەرچاوی لە پەرەپێدانی سەرچاوە ئاوییەکانیدا بەدەستهێناوە. بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە وڵاتەکە یەدەگی بەرچاوی نەوت و گازی سروشتی نییە. بۆ چارەسەرکردنی پەرەسەندنی پێداویستییەکانی وزە، تورکیا پڕۆژەیەک جێبەجێ دەکات کە سەرچاوە ناوخۆییەکان بەکاردەهێنن و سەرمایەگوزاری لە وزەی ئاوی نوێبووەوە و گونجاو و دۆستی ژینگە وەردەگرن. تورکیا بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی حەوزی ڕووبارەکانەوە ئامانجی ئەوەیە سەرچاوە ئاوییەکانی بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی وزە بەکاربهێنێت.[2]

سیاسەتی ئاوی تورکیا بەرامبەر بە عێراق خۆی دەبینێتەوە لە پڕۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە ناسراوە بە پڕۆژەی(GAP)، یەکەم دەستپێشخەری تورکیا بۆ پەرەپێدانی حەوزی ڕووباری فورات لە ساڵی ١٩٣٠بە دامەزراندنی کۆمپانیای کارەبای تورکیا (ETE) دەستی پێکرد، دواتر لێکۆڵینەوە لە ساڵی ١٩٣٧ دەستی پێکرد و دروستکردنی بەنداوی کایان.[3] بیرۆکەی بنەڕەتی پڕۆژەی گاپ ئامانجی دامەزراندنی ٢٢ بەنداوە، کە ١٤ بەنداو لەسەر ڕووباری فورات و ٨ بەنداو لەسەر ڕووباری دیجلە، جگە لە دامەزراندنی ١٩ وێستگەی کارەبای ئاو لەسەر هەردوو ڕووبار و لقەکانیان،[4] ئەم پڕۆژەیە کە لە ساڵی ١٩٨٤دا نزیکەی ٢١ ملیار دۆلاری وەک تێچووە بۆی دیاری کردووە، حکومەتی تورکیا هەڵبژاردەی پلانی سەرەتایی خۆی فراوانتر بکات بۆ بەرنامەیەکی گەشەپێدانی یەکگرتوو کە گرنگی بە گەشەپێدانی بەردەوام دەدات،[5] تورکیا هەوڵدەدات بە تەواوکردنی پڕۆژەی گاپ و دروستکردنی پڕۆژەی لولەکانی ئاشتی، کۆمەڵێک ئامانجی ئابووری، سیاسی، ئەمنی و ستراتیژی بەدەستبهێنێت لەسەر ئاستی ناوچەکە. لە سروشت و ئامانجی پڕۆژەکانی ئاوی تورکیاوە، ئەوە ڕوونە کە هەوڵ دەدات دەسەڵاتێکی باڵاو فرەی هەبێت لەسەر حیسابی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی کە هاوسنوورن لەگەڵ ڕووباری

[1] م.م تمارا كاظم الاسدي، السياسة المائية التركية تجاه العراق للفترة من (2000-2020)، المركز الديمقراطي العربي، 2021، ص ٤-١٢.

[2] وزارة الخارجية التركية، سياسة المياه في تركيا، 2022. متوفر على موقع التالي:- https://www.mfa.gov.tr/turkiye_s-policy-on-water-issues.ar.mfa لەرێكەوتی ١٣-٧-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

[3] أندريه مولر، أدريان ديتجيس، بنجامين بول و اخرون، المناخ والمياه والتعاون في حوض الفرات ودجلة، تقرير بدون جهه الاصدار،٢٠٢٢ ص١٢-١٥.

[4] د. اسماعيل شعبان، المشاريع المائية التركية المقامة على نهر الفرات و تاثيرها علي سوريا، مجلة جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية، المجلد29، العدد 4،2007، ص١١٥.

[5] صايف الياسري، مشـــــروع (GAP)الـتركى: نتائج خطرة على حياة في العراق، جريده المدى، العدد٧٦٤، ٢٠٠٦، ص٦.

دیجلە و فورات، هەروەها پێداگری لەسەر ڕێبازی خۆی دەکات لە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئاوییەکانی، سەرەڕای ناڕەزایەتییەکانی عێراق و سوریا وەک دوو وڵاتی زیان لێکەوتوو.[1]

سیاسەتی ئاوی تورکیا مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجە کە لە بەرژەوەندی باڵای دەوڵەتدایە، تورکیا بەهۆی نەبوونی سەرچاوە سروشتییەکانی دیکەی، بەتایبەتی سامانی کانزایی، وەک نەوت و گاز، سەرچاوەی ئاو وەک گەشەسەندنی سەرچاوەی ئاوی تورکیا دەزانن، ئەمەش ئەوەیە کە سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا سلێمان دەمیرێل دەریدەبڕێت، "ئاو تاکە سامانە کە تورکیا هەیەتی ئێمە وڵاتێکی نەوتی نین، هەرچەندە نەوت و گازی کەممان هەیە بۆیە دەبێت بەجدی کار بکەین بۆ پالپشتی ئابوریمان" [2] بۆیە دەستەبەرکردنی سەرچاوە ئاوییەکان بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە پرسێکی مەترسیدارتر و گرنگتر، وای لە تورکیا کرد هەست بکات کە مافی ئەوەی هەیە ئاوی ئەو دوو ڕووبارە لەجیاتی ئەوەی بە فیرۆبڕوات بقۆزێتەوە و سودیان لێوەربگرێت.

دەکرێت گرنگترین سیاسەتی ئاوی تورکیا بەم شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١) تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە دیجلە و فورات دوو ڕووباری تورکیین، چونکە سەرچاوەی ئاویان لە خاکی تورکیادایە، ئەوان فورات وەک ڕووبارێکی "سنوور بەزێن" سەیر دەکەن نەک وەک ڕووبارێکی نێودەوڵەتی.

٢) تورکیا حەوزی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات وەک یەک قەوارە دەبینێت و پێشنیاری ئەوە دەکات کە عێراق دەتوانێت چارەسەری کێشەکانی ئاو بکات بە گواستنەوەی ئاو لە دیجلە بۆ فورات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی.

٣) تورکیا ئامانجی جێبەجێکردنی چەمکی بەکارهێنانی ئاوی گونجاوە، کە بریتیە لە دوورخستنەوەی ناوچە بەرفراوانەکانی زەویە کشتوکاڵیە مێژووییەکانی ئاودێریکراو لە عێراق لە تەرخانکردنی ئاو بە پاساوی نەزۆکی.

٤) تورکیا ئامانجی ئەوەیە چەمکی "گۆڕینەوەی نەوت بە ئاو" بخاتەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاو سەرچاوەیەکی تورکیایە بۆ ئەوەی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیدا بەکاربهێنرێت.

5) سیاسەتی ئاوی تورکیا دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە بەتایبەت ناوچە کوردییەکان.

دووەم: سیاسەتی ئاوی دەوڵەتی ئێران و ئامانجەکانی بەرامبەر بە عێراق

لە وڵاتی ئێران کۆمپانیاکانی؛ (WRMC) Water Resources Management Company کۆمپانیای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، (PWA)Provincial Water Authority دەسەڵاتی ئاوی ناوچەیی/خۆجێیی، Operation and (O&M)Maintenance کارپێکردن و چاککردنەوە، بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لەناو وەزارەتی وزەدا، کۆمپانیاکانی کارپێکردن و چاککردنەوە تۆڕەکانی ئاودێری و ئاوەڕۆی هاوچەرخ بەڕێوەدەبەن، کە ٤٩% سەر بە وەزارەتی وزەی ئێرانین و ٥١% سەر بە کەرتی تایبەتە،[3] سیاسەتی ئاوی ئێران لەلایەن بەرپرسانی ئەم وڵاتە بریتیە لە دروستکردنی بەنداو گۆڕینی لق و چەمەکانی ئاو لە ناوچە جیاوازەکانی وڵات بەتایبەت ئەو ڕووبارانەی لە ئێرانەوە بەرەو عێراقەوە درێژدەبنەوە، سەرەڕای گلییەکانی دەوڵەتی عێراق، بەڵام بەپرسانی ئێران پەرەیان بە دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاو لە نێوان بەشە ئاوییەکان وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی خۆبژێویداوە، کەئەمەش کاریگەری بەرچاوی دروستکردوە لە

[1] م.م حسين عبد المجيد حميد، سدّ إليسو التركي وأثرهُ على الوارد المائي لنهر دجلة في العراق، مجلة ديالى، العدد الثامن والستون، ٢٠١٥، ص٦٧.

[2] سندس سرحان احمد، السياسة المائية التركية تجاه العراق، مجلة منصور، العدد 35، 2021، ص 6.

[3] AQUASTAT, Country Fact Sheet: Iran, FAO's global information system on water and agriculture, 2008. Available on the following website: www.fao.org/nr/water/aquastat/countries_regions/irn/index.stm سەیرم کردووە لەڕێکەوتی ١٩-٨-٢٠٢٤ .

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005- 396X

سەر هاتنی پشکی ئاو لە ڕووبارەکانەوە بۆ ناو خاکی عێراقەوە، ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاو لە دەریاچە و تاڵاوەکان(زۆنگاوکان) و ڕووبارەکان و سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی.[1]
ڕاستە هەریەکە لە ئێران لەگەڵ عێراقدا مەترسی کەم ئاوییان لەسەرە، ئەمەش ڕەنگە کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئاسایشی لێبکەوێتەوە، بەڵام عێراق، ئێران تۆمەتبار دەکات بەوەی دەستکاریکردنی ڕێڕەوی ئەو لقانەی کردووە کە لە ئێرانەوە دێن بەرەو ڕووباری دیجلە، بەمەش عێراق پێوایە کەوا ئێران یاسا نێودەوڵەتیەکانی پێشێلکردوە لەبارەی ئاوەوە، ئەگەر سەیر بکەین هەر لە ساڵی ١٩٨٨وە سیاسەتی ئاوی ئێران بە تایبەت دوای شەڕی ئێران و عێراق سیاسەتێکی تایبەتی لە هەمبەر عێراق گرتۆتبەر کە ئەمەش کاریگەری چەندیەتی و چۆنایەتی لەسەر عێراقەوە هەبووە، سیاسەتی دروستکردنی بەنداو و گۆڕینی ڕێڕەوەکانی ئاو و زیادکردنی دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی لەلایەن ئێرانەوە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاو لە ناوچەکە، ئەمەش مەترسی لەسەر گەشەی دانیشتووان سەرچاوەی ئاوی نوێبووەوەی دروستکردووە، جگە لەمەش پێشبینییەکان ئاماژە بە دابەزینی زیاتر دەکەن تا ساڵی ٢٠٤٠، ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردنی ئاو لەلایەن ئێرانەوە لێکەوتەی جددی لێبکەوتووەتەوە و سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق بەردەوام لە کەمبوونەوەدان، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا دروستکردنی بەنداو بەدرێژایی ڕووبارەکان بەردەوامیان هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی دابەزینی پشکی خۆراکی ئاوی ڕووباری دیجلە لەو ڕووبار و لقانەی کە لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن.[2]

سیاسەتی ئاوی ئێران بەرامبەر بە عێراق خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە ئێران بەنیازە سەرچاوەی سەرجەم ڕووبارەکان دابخات کە بەرەو عێراق دەڕژێن، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بۆ قەیرانی سەختی ئاوی خۆی، حکوومەتی عێراقیش ئاگاداری ئەم هەنگاوەی ئێرانیەکان کە نیازی داخستنی سەرجەم ئەو چۆم و ڕووبارانەیانە کە بەرەو عێراق دەێن بەهۆی قەیرانی ئاوی خۆیەوە،[3] ئێران لە ئێستاوە ئاوی زیاتر لە ٤٥ لق و چەمی وەرزی بڕیوە کە خۆراکدەرن بە ڕووبار و تاڵاوەکانی عێراق، لەوانە ڕووبارەکانی کەرخێ، کارون، تەیب و ئەلوەند، زێ بچوك، هەروەها حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، ئێران بەتەواوەتی ڕێگری لە سەرچاوەکانی ڕووباری ئەلوەند کردووە بۆ چوونە ناو خاکی عێراق، کە پێشبینی دەکرێت کاریگەری بەرچاوی لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەو ناوچانەی پارێزگای دیالە هەبێت،[4] لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ئێران زیاتر لە ٦٠٠ بەنداوی دروستکردووە بۆ پاراستنی ئاو و کۆنترۆڵکردنی دروستکردووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕووبارەکانی کە دێنە ناوعێراقەوە دروستکردووە، ئەم بەنداوانە مافی ئاوی بەغدایان لێ زەوت کردووە و گۆڕانکاری لە ڕەوتی ئاوی هاتنە ناو خاکی عێراقدا کردووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بژێوی زیاتر لە سێ ملیۆن کەس دەبێت، هەروەها ئێران لە هاویندا ئاوی ڕووبارەکان بەتەواوی دەگرێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر یەدەگی ئاوی بەنداوەکانی پارێزگای سلێمانی دروستکردووە.[5]
دەکرێت گرنگترین بنامەکانی سیاسەتی ئاوی ئێران بەم شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

---

[1] ایران انترنشنال، أزمة میاه وجفاف حادة في إيران.. الموارد المائية تنضب والأراضي تنهار، ٢٠٢٣. متوفر علي موقع التالي: https://www.iranintl.com/ar/202301031321 لەرێکەوتی ١٨-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

[2] Nik Kowsar, A thirsty reality: Iran's dire water situation, 2024. Available on the following website:- https://shorturl.at/CbJwx
لەرێکەوتی ١٧-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

[3] ا.م.د. حميد ياسر الياسري، مستقبل المياه العراقية في ظل المعطيات الجغرافية الإقليمية دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة عدد الخاص بالمؤتمر العلمي الخامس لكلية التربية العلوم الإنسانية، في جامعة الواسط، مجلة2، ١٣-14نيسان ٢٠١٢، ص١٤٣٣-١٤٣٤.

[4] مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، أزمة المياه في العراق: تحديات سياسية و بيئية، بغداد، 2024، ص4.

[5] الصحفة الاستقلال الكترونية، التحكم الإيراني بمياه العراق.. خلفيات الأزمة و مستقبلة الصراع، 2021. متوفر علي موقع التالي:- https://shorturl.at/wDQEX لەرێکەوتی ١٨-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

١- چوارچێوەی سیاسەتی ئاوی ئێران پشت بە داڕشتنی پلانی یەکگرتووی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن بۆ پاراستنی ئاو دەبەستێت بەمەش دەستیان کردووە بەدروستکردنی چەندین بەنداو و گۆڕینی ڕێڕەویی چەندین ڕووبار و جۆگەی ئاوی لە ناوچە سنوریەکانی ئێران.

٢- سیاسەتی دەوڵەت ئەولەویەتێکی سەرەکی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی ئاوی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی وولات دەدات.

٣- ڕێباز و سیاسەتی ئێران بۆ حوکمڕانی ئاو جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوە ئاوییەکان دەکاتەوە بۆ گشت ئێرانییەکان، دابەشکردنی بەناو ئاوی دادپەروەرانە، کە ئەویش دەستیکردوە بە سیاسەتی گواستنەوەی ڕێڕەوی ئاوییەکان لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران.

٤- حکومەت لە سیاسەتەکانی ئاوی هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەدات، کە ئەمەش پایەیەکی چارەنووسساز لە ستراتیژی حوکمڕانی ئاوی ئێرانە، بەڵام تا ئێستا ئەم سیاسەتە بەباشی سەر کەوتوو نەبووە.

ئێران لەسیاسەتی ئاوی خۆیدا بەرامبەر بە عێراق کۆمەلێک ئامانجی هەیە گرنگترینیان بریتیە لەمانەی خوارەوە:

1) ئامانجە ئابوورییەکان و سیاسییەکان

ئێران بە مەبەستی فشاری سیاسی و ئابوری هەستاوە بە درووست کردنی چەندین بەنداو لەسەر ئەم ڕووبارانەوە جگە لەوە ئێران هەوڵدەدات ڕێڕەوی ئەم ڕوبارانە بگۆڕێت، ئەوەش دەبێتە مایەی گۆڕینی ڕێڕەوی سروشتی ئەو ڕووبارانە، لایە نی سیاسی خۆی دەبینێتەوە لەوەی کەوا هەمیشە عێراق لەژێر چەنگی ئێرانەوە بێت و سەرەوەری تەواوی خۆی بەدەست نە هێنیت، هەرچی لایەنی ئابورییە کاریگەریەکی خراپی دەکاتە سەر عێراق دەبێتە مایەی دابڕانی ئاودێری لە ڕووبارەکان کەمبوونەوەی بڕەکانی کە دەگاتە عێراق دواتریش دەبێتە هۆی لەناوچوونی پرۆژە کشتوکاڵیەکان و پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی و کارگە پیشەسازیەکانی دروستکردن بیناکاری،کەپشت بە ئاوی ڕووبارەکان دەبەستن بەتایبەت ناوچە سنوریەکانی بەشی خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی.[1] ئەمەش وا لە عێراق دەکات کەوا ناچاربێت بۆ سەرچاوە خۆراکییەکانی پشت بە ئێران ببەستێت

2) ئامانجی سەربازی و ئاسایش

دروستکردنی بەنداو و پڕۆژەی گواستنەوە و پراکتیزەی کشتوکاڵی ئێران لە حەوزی ڕووبارە هاوبەشەکان لەگەڵ عێراق کاریگەریی نەرێنی لەسەر بڕ و کوالیتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق هەبووە، پارێزگاکانی نزیک سنووری ئێران کە بۆ کشتوکاڵ زۆر گرنگن، ڕووبارەکانی سنووربڕ بۆ ئاودێری قۆستۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش، ئێران دەستی بە پڕۆژەی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان کردووە، ئەم سیاسەتی گواستنەوەی ئاوی ڕووبارەکان لە ئێران بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبارەکان و پیسبونیان، لە ئەنجامدا عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگی جۆار و جۆر دەبێتەوە، جووتیاران تووشی کەمبوونەوەی کوالێتی بەرهەمی یان وازهێنان لە زەوییەکانیان دەبن، ئەمەش کاریگەری لەسەر بژێوی ناوخۆیی دەبێت، کێبڕکێ لەسەر سنووردارکردنی سەرچاوە ئاوییەکان دروست دەکات کە لەوانە دەبێتە هۆی پێکدادانی چەکداری و توندوتیژی لە نێوان خێڵەکییەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق، جگە لەمەش ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کەمی ئاو و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێی ئاو دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنی سەربازی و ئاسایشیەوە هەیە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە هێزە چەکدارەکانی دژی ئێران لە ناوچەکە،[2] جگە لەوەش ئێران ئاو وەک کارتی فشار لە دژی عێراق بەکاردەهێنێت، تەنانەت خانەقین کە سیمایەکی شیعەی هەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران ئامانجی گەورەی لە عێراق هەیە،

1 شێروان برایم خواز، کێشەی ئاو لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، ٢٠٢١. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:- https://www.haremnews.com/detailsWtar/1271 لە ریکەوتی ١٩-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

2 IPCS, How Do US-Led Sanctions on Iran Harm Iraq's Water Resources, 2019. Available on the following website :-https://reliefweb.int/report/iraq/how-do-us-led-sanctions-iran-harm-iraq-s-water-resources لەرێکەوتی ٢٢-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

کار بۆ لاوازکردنی گەلی عێراقی دەکات بە برسیکردنیان و بیابانکردنی خاکەکانیان و لەناوبردنی باخەکانیان و ئاوارەبوونیان لە خاکی هاوسنورەکان بەتایبەتی کەوا ئەو ناوچانە دەوڵەمەندە بە نەوت.[1]

**سێیەم: سیاسەتی ئاوی دەوڵەتی سوریا بەرامبەر بە عێراق**

سیاسەتی ئاوی سوریا بەرامبەر عێراق بەهۆی یارییەکی ئاڵۆزی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان و کەمی سەرچاوەکان و پەیوەندییە مێژووییەکان لە قاڵب دراوە، بەو پێیەی هەردوو وڵات هاوبەشی ڕووباری فوراتن، هەروەها بەڕێوەبردنی ئەم ڕێڕەو ئاویانە نەک تەنها بۆ بەردەوامیی کشتوکاڵی بەڵکو بۆ سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەردوو وڵات زۆر گرنگە، دوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا ڕاستەوخۆ لەگەڵ فەرەنسا دەستیکرد بە بیرکردنەوە لە وەبەرهێنان لە ئاوی ڕووباری فورات کردەوە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٤٧، دەوڵەت بەرەو پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاوی لەسەر بنەمای عەمبارکردنی ئاوی ڕووبارەکان ڕۆیشت بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێت ئەوە لە بواری ئاودێری زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەکارهێنانی مرۆیی، و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی جگە لە ڕێگریکردن لە دروستبونی لافاو لەسەنتەری شارەکان، کە ئەوکات زیانێکی گەورەی دروست دەکرد، بۆیە سوریا لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٦ کەوتە دانوستان لەگەڵ ئەڵمانیا بۆ دروستکردنی بەنداوێکی گەورە لەسەر ڕووباری فورات، بەڵام ئەو دانوستانانە شکستیان هێنا، دوای ئەوە سوریا ڕووی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کرد بۆ ئەوەی هەندێک بەنداو دروست بکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کەمیی ئاو و زیادبوونی بەردەوامی دانیشتووان بێتەوە، هەر لەوکاتەوە سوریا چەندین بەنداوی بچووک و مامناوەندی لەسەر ڕووباری فورات و ڕووبار و لقەکانی دیکە دروستکردووە، کە ژمارەیان گەیشتووەتە١٣ بەنداو، حکومەتی سوریا بەردەوام کاریان کردووە بۆ دروستکردنی بەنداو،[2] ئەویش بەهۆی ئەوەی کەوا خواست لەسەر ئاو لە سوریا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە ئەویش لەلایەک بۆەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر خۆراک، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بەرفراوانی کاری کوشتوکاڵی لۆکاڵی، پێویستی بە فراوانکردنی زیاتری ئاسایشی خۆراک لە سوریا هەیە، بەتایبەتی لە کشتوکاڵی ئاودێریدا، چونکە چالاکییە کشتوکاڵییەکان پەیوەندییەکی نزیکیان بە دابینکردنی ئاوی ڕووباری فوراتەوە هەیە،[3]ڕووباری فورات لە جەرابلوس دەچێتە ناو سوریا و بە پارێزگای ڕەققەدا تێدەپەڕێت و لەوێ لەگەڵ ڕووباری بالیخ و خابور تێکەڵ دەبێت، لە ڕێگەی دێرەزۆرەوە بەرەو باشوور بەردەوام دەبێت و لە ئەلبوکمال دەردەچێت و ٦٨٠ کم لە سوریا دەگرێتەوە، ڕووباری فورات لەسوریا بە تێکڕا ساڵانە نزیکەی ٣٠ ملیار م$^3$ ئاوی بۆ هاتوە، بەڵام لە ماوەی٧٠ ساڵی ڕابردوودا ئەم برە بۆ نزیکەی ٢٥ملیار م٣ دابەزیوە، زیادبوونی بەکارهێنانی ئاو لە پرۆسەی کشتوکاڵی بووەتە هۆی کێشەی کوالێتی ئاو بەهۆی شووتی لە ئاوی کشتوکاڵی و پیسبوونی ئاوەڕۆی چارەسەرنەکراو، بەکارهێنانی ئاو بۆ ئاودێری لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، هەروەها گۆڕینی کەش و هەوا، وایکردووە بەردەستبوونی ئاوی زیاتر ئاڵۆز کردوە، وشکە ساڵی ئاستەنگی جددی بۆ دابینکردنی ئاو لە ناوچەکەدا دروستکردووە، وەک لە دەیەکانی ڕابردوودا لە سوریا و عێراقدا بینراوە پڕۆژەی گەورە بۆ دەستەبەرکردنی ئاو بۆ پڕۆژەکانی ئاودێرییان لە داهاتوودا.[4]

---

1 عبدالمطلب رفعت سرحت، الأكراد ضحية حرب المياه .. تاريخ يعرفه كل ذي عقل، الحوار المتمدن، العدد: ٤٥٥١، 2014. متوفر علي موقع التالي:- https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=429452 لە ڕێکەوتی ٩-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

2 ا.م.د. حميد ياسر الياسري، مصدر سابق ص1435.

3 أنور عبدالزهرة شلش العتابي، مصدر سابق، ص٥٥.

4 تقريرحول قيام الحكومة التركية بحربها الجديدة على سورية والسوريين عبر تخفيض كميات مياه الفرات عن سورية، ونقصان مياه الشرب والطاقة الكهربائية وانتشار الجفاف، ٢٠٢٠.متوفر على موقع التالي:- https://shorturl.at/ZEWWG لەرێکەوتی ٢٢-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

کەواتە دەتوانین گرنگترین بنەماکانی سیاسەتی ئاوی سوریا بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١) سیاسەتی بەناوەندی کردنی بەڕێوەبردنی ئاو لەسەرەتا سەری وڵات، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستای سوریا لەئـێستا وڵات دابەش بووە بەسەر چەندین گروپی جۆراو جۆر هەریەکەیان لەم گروپانە ئاو وەک چەکێکی سەربازی تاکتیکی بەکاردەهێنن لە دژی یەکتری.

٢) پاراستن و کارایی ئاو و پەرەپێدانی ژێرخانی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو و پێشخستنی بەکارهێنانی کارا، بەتایبەتی لە کشتوکاڵدا.

٣) سیاسەتی ئاوی ئێستای سوریا وایکردوە کەوا سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە زیاتر ناسەقامگیر بکات.

فشارەکانی سوریا لەسەر پشکی ئاوی عێراق ساڵ بەساڵ زیاتر دەبن، چونکە بەکارهێنانی  ئاو لەلایەن دانیشتون بەتایبەتی بۆ کاری کشتوکاڵی لە سوریا زیاتر بووە، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی ئاوەکە داهاتی ساڵانەی ڕووباری فورات لە ماوەی پڕکردنەوەی بەنداوەکانی تورکیا و سوریادا دابەزینێکی بەرچاوی تۆمارکردووە، بەمەش ڕێژەی خوێ لە ڕووباری فورات بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەو پێیەی کاتێک ڕووبارەکە دەچێتە ناو شاری ئەلقائیمەوە، ئیتر چڕیی خوێی ناوچە بەناوچە زیاتر دەبێت، بەهۆی بڕی ئاوی وەرگیراوەوە لە ئەو پڕۆژانەی کە لە لایەن سوریا و تورکیاوە دەستیان پێکردووە بۆ ناو ڕووبارەکە و کەمبوونەوەی ئاستی ڕووبارەکان لە عێراق،[1] سوریا هاوسەنگییەکی نارێکی هەیە لە نێوان هاوکاری و کێبڕکێ لەگەڵ عێراق لەسەر سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان، دروستکردنی بەنداو و پڕۆژەی ئاودێری لە سوریا نیگەرانییەکانی لە بەغدا لەبارەی کەمبوونەوەی لێشاوی ئاوەوە دروستکردووە، ئەمەش بووەتە هۆی گفتوگۆ لەنێوان هەردوو حکومەتدا، سیاسەتی ناوچەیی و بەشداریکردنی ئەکتەرە دەرەکییەکان زیاتر حوکمڕانی ئاو ئاڵۆزتر دەکات، شەڕی ناوخۆی سوریا بارودۆخی وڵاتی زیاتر گرژکردووە و پێشەنگی گۆڕیوە لە بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی ئالنگاریەکانی  ئاوەوە بۆ دابینکردنی ئاسایشی وڵاتەوە، هەردوو وڵات پێویستیان بە هاوسەنگ هەیە لە سیاسەتی ئاودا، لەگەل ئەوش بەردێژایی مێژوو چەندین ڕێکەوتن لەسەر ئاو کراوە نێوان سوریا و عێراق بەڵام تا ئێستا زۆربەیان وەکو پێویست جیبەجێ نەکراوە لەلایەن  حکومەتە جیاوازەکانەوە تەنانەت گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.[2]

| ڕووبار | وڵات | ڕووبەری حەوزەی خۆراکدانی کم² | داهاتی ساڵانەی ئاوی ملیار م³ |
|---|---|---|---|
| حەوزی دیجلە | تورکیا | 57614 | 26.22 |
| | سوریا | 836 | 0.03 |
| | ئێران | 24409 | 5.7 |
| | عێراق | 83237 | 16.05 |
| | کۆی گشتی | 166094 | 48 |
| حەوزی فورات | تورکیا | 108000 | 29 |
| | سوریا | 2000 | 0.6 |
| | کۆی گشتی | 110.000 | 30 |
| | کۆی گشتی هە ر دوو حەوز | 276094 | 78 |

[1] م. فراس عبد الجبار الرباعي، أثر مشاريع التخزين و الري في سوريا على الأمن المائي العراقي، مجلة كلية بابل، جامعة بابل، العدد ١٢، ٢٠١٢، ص٣٦٨.

[2] صاحب الربيعي، الاتفاقيات المائية بين العراق ودول حوض الفرات، الحوار المتمدن-العدد: 2721، 2009. متوفر على موقع التالي:- https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=179498 لەرێکەوتی ١٠-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

نەخشەی ژمارە( 1) ڕووبەری حەوز و داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات[1]

نەخشەی ژمارە (1) دابەشبوونی جوگرافیای حەوزی ڕووباری دیجلە و فورات لە سەرانسەری وڵاتانی کە سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکەی تیادا هەڵدەقوڵێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشان دەدات، لەوانە تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق. نەخشەکە بە وردی ڕووبەری حەوزی ئاو بۆ هەر وڵاتێک نیشان دەدات، لەگەڵ داهاتی ساڵانەی ئاو بۆ هەر ڕووبارێک. بەشی کۆتایی نەخشەکە کۆی ڕووبەری حەوزی دیجلە و فورات نیشان دەدات، ئەمە جگە لە کۆی داهاتی ساڵانەی هەردوو ڕووبارەکە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم زانیاریانە نوێنەرایەتی ڕێژەی خەمڵێنراو دەکەن کە ڕەنگە جیاواز بن بەپێی گۆڕانکارییە وەرزییەکانی کەشوهەوا، هەروەها کاریگەرییەکانی ئاو و سیاسەتی کارگێڕی هەر وڵاتێکی کەنار دەریا. ئەم نەخشەیە ئامرازێکی شیکاری گرنگە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی دابەشبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە دوو حەوزەکەدا و یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندنی پۆتانسێلی هاوکاری یان ململانێ لەسەر ئاو لە چوارچێوەی پەیوەندییە ناوچەییەکانی نێوان وڵاتانی سەرەوە و خوارەوە.

لەم باسەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کەوا عێراق بەدەست ئالنگارییەکانی ناوەخۆ و دەرکییەکانی ئاسایشی ئاوەوە دەناڵێنێت، کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی و داهاتوی عێراق دەکات. چونکە بەهۆی کەمی ئاو و خراپ بەڕێوەبردن و ململانێی جیۆپۆلەتیکی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئاو. ئالنگارییەناوەخۆییەکان لە عێراق جۆراو جۆرن لەوانە خراپی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و خراپی ژێرخانی ئابووری...هتد، دەبێتە هۆی تێکچوونی تۆڕەکانی ئاودێری و بەنداوەکان بەهۆی نەبوونی پاراستن و وەبەرهێنان و بەکارهێنانی شێوازی ئاودێری تەقلیدی ناکارامە و پیسبوونی ڕووبارەکان بە ئاوەڕۆ و پاشماوەی پیشەسازی. گۆڕانی کەشوهەوا و دووبارەبوونەوەی وشکەساڵی، لەگەڵ زیادبوونی گەشەی دانیشتووان، خواست لەسەر ئاو لەسەرانسەری وڵات زیاد دەکات و سەرچاوەکان سنوردار و کەمدەکاتەوە. هەرچی ئالنگاری دەرەکییە، خۆی دەبینتەوە لە سیاسەتە ئاوییەکانی دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران و سوریا، کە دەستیان کردوە بەئەنجامدانی چەندین پرۆژەی جۆراو جۆر لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و سەرچاوەکانیان، لەوانە دروستکردنی بەنداو و گۆرینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان، کە ئەمانە وایکردووە پشکی ئاوی عێراق کەم بکاتەوە لە ڕووبارەکانی دەرژێنە خاکی عێراقەوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی ڕێککەوتنی پابەندکەر بۆ ڕێکخستنی دابەشکردنی ئاو لەنێوان عێراق وڵاتانی دراوسێ عێراق، وا دەکات کە تووشی فشاری سیاسی و ململانێ ناوچەییەکان بێت، کە عێراق بە رگەی ئەم فشارانە ناگرێت، بۆیە ئەم دۆخە گرینگە پێویستی بە کردەوەی دەستبەجێ و ستراتیژی درێژخایەن و بەپەلە هەیە لە چەند بەرەیەکدا.

3: ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی ئاسایشی ئاوی لە عێراقدا

بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئاو لە عێراق، پێویستە گرنگی بە هەردوو چارەسەری ئالنگارییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی بدرێت بەم شێوەی خوارەوە:-

3-١: ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئالنگارییەکان لەسەر ئاستی ناوەخۆ

یەکەم: یاسادانان

یاسادانان یەکێکە لە گرنگترین ئامراز و میکانیزمەکانی جێبەجێکردن کە دەتوانرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئاو بەکاربهێنرێت. یاسادانان بریتیە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و دەقی یاسایی کە بەکارهێنانی ئاو لەلایەن کەرتە جیاوازەکانەوە ڕێکدەخەن و بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت لە پاراستنی ئاو و دیاریکردنی مافی تاکەکان بۆی. ئەم یاسایانە پێویستە میکانیزمی گونجاو

1 سلێمان عبدالله اسماعیل، السياسه المائيه لدول حوضي ديجلة و الفرات و انعكاساتها علي القضية الكردية، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، العراق، 2004، ص60.

لەخۆ بگرن بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی فرە و بەردەوامی مرۆیی لە سەرچاوە ئاوییەکانی بەردەست، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری. هەروەها پێویستە گرنگی بە لایەنە کارگێڕییەکان و میکانیزمەکانی بەهێزکردنی بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بدرێت.[1] بۆیە یەکێك لە خاڵە گرینگەکان بۆ چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی ئاسایشی ئاو لە عێراق بریتیە لە دانانی یاسایی مۆدێرن کە بگونجێت لەگەل بارودۆخی ئێستای عێراق، بەتایبەت لەسەر بنەمای ئەم مەترسیانە، کە ڕووبەرووی عێراق بۆتەوە، مادەی یاسایی پەیوەست بە پرسەکانی ئاو زیاد بکرێت و گرنگی بە بنەمای جێبەجێکردنی پلان و پرۆژەی ستراتیژی کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بکرێت، ئەمەش پێویستی بە دروستکردنی دامەزراوەکان هەیە کە بەڕێوەبردنی یەکگرتوو بە چوارچێوەیەکی حکومی لەسەر بنەمای بنەما یاساییە ئیجبارییەکان بگرنەبەر کە لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە جێبەجێ بکرێت، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرچووە، ئەو ڕێسایانەی لە عێراق کارا دەبن ئێستا پێویستیان بە باشترکردنی زیاتر هەیە چونکە ئەوەی هەیە لە عێراق یاسایێکی نیشتمانی ئاومان بەردەست نیە.[2]

**یەکەم: دووبارە بەکار هێنانەوەی ئاوی پیس**

ئاوی پیس سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ناتەقلیدیە کە دەتوانرێت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە چارەسەری بکرێت بۆ ئاودێری کشتوکاڵی و مەبەستی تر لە هەموو ئەو ناوچانەی کە وێستگەی پاککردنەوەی ئاوی پیسیان تێدا دامەزراوە، دەتوانرێت ئەم ڕووبەرە زیاد بکرێت ئەگەر لەبری تەکنیکەکانی ئاودێری مۆدێرن وەکو ئاودێری و دڵۆپ بەکاربهێنرێت،[3] بۆیە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پیس لە عێراق بۆ ئاودێری دەتوانێت شوێنی کەمی ئاوی شیرین پڕبکاتەوە، ئاوی پیس لەعێراق پێکدێت ئاوی پیسی ناوماڵ، پیشەسازی، ئاوی ئاوەڕۆی کشتوکاڵی، ئاوی کانگا،[4] هەرچەندە هەندێک پرۆژەی تاقیکاری هەیە لەسەر بەکارهێنانی ئاوی پیسی شارەوانی پاککراوە لە کشتوکاڵدا، بەڵام تا ئێستا بەکارهێنانی بەربڵاو نییە.[5] ئەم خاڵە زۆر گرینگە بۆ عێراق چونکە ئاوێکی زۆر پیس دەکرێت و بە فیرۆ ددەڕێت لەسەرانسەری عێراق دەتوانرێت سودی لێوە ربگیرێتەوە و بەکاربهێرێت بۆ کاری ئاودێرکردنی جۆراوجۆر لەوانە کاری کشتوکاڵی.

**دووەم: داکردنی ئاوی باراناو (پۆند)**

خاڵێکی دیکە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە عێراق بریتیە لە کۆکردنەوەی ئاوی باراناو، کە بەزۆری شێوەی بەنداو بەدرێژایی دۆڵەکان دەگرێتەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق، بەو پێیەی ڕێگە بە ڕاگرتنی ئاوی باران دەدات لەوەرزی بارانبارین و لافاودا، کە دواتر دەتوانرێت هەم بۆ پڕکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی کەڵکی لێوەربگیرێت هەمیش لە هەندیك شوێن لەپشت بەنداوەکان گۆگا بکرێن،[6] لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەنداوی بچووک لە زۆرێک لە دۆڵەکانی سەرتاسەری وڵاتدا دروستکراون، بۆ کۆکردنەوەی ئاوی بارانی زیاتر، بەڵام زۆرێک لەم بەنداوانە بەهۆی قوڕولیتەوە توانای کۆکردنەوەی باراناویان کەمبۆتەوە، لە ساڵانی ڕابردوودا، چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر گونجاوی ئێستا و داهاتووی شوێنە جیاوازەکان بۆ پلانی نوێی کۆکردنەوەی ئاوی باران ئەنجامدراون، لە

---

1 أ.د. رضا عبد الجبار سلمان، مصدر سابق, ص67.

2 Ahmed Mohammed Aziz and Dr. Ahmed Aws, Waste Water Production Treatment and use in Iraq Country report, Ministry of Water Resources- Iraq, 2013, p7.

3د. م. محمد منهل الزعبي و د. م. عمر جزدان و د. م. أحمد مجر و اخرين، استعمال مياه الصرف الصحي المعالجة في الزراعة، وزارة الزراعة و اصلاح الزراعي، جمهورية سورية، 2014، ص٨.

4 باسم ساجت يوسف، التحليل المكاني والفني لخدمات الصرف الصحي في العراق، منشورات وزارة التخطيط ، جمهورية العراق، بدون السنة، ص2.

5 Dzhumagulova, N T and Abdulameer, L S, The use of treated waste water for irrigation purposes in the administrative district of Kerbala Iraq, IOP Conference Series: Materials Science and Engineering, 2021, vol. 1067, p1-5.

6 د. محمد عبدالمجيد حسون، الامن المائي العراقي، وةزارة الثقافة، العراق، بغداد، الطبعة الاولى، 2008، ص245.

ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا،[1]هەرچەندە پلانی دروستکردنی ٣٦ پۆند و بەنداو لە سەرانسەری عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٥ لە ئارادایە، بە ئامانجی گرتنی ئاوی باران و باشترکردنی بەڕێوەبردنی ئاو، بەڵام هێشتا هەر پرۆژەیە هێشتا شتێکی وای لێ نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.[2]

سێیەم: شیرین کردنی ئاوی سوێر

ئەمڕۆ، شووتکردنی ئاو(تحلية المياه) بە بەدیلێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دابینکردنی ئاوی شیرین بۆ وڵاتان، هەرچەندە تێچوونەکەی زۆرە، بەڵام بەکارهێنانی لە کشتوکاڵی چڕدا سوودی ئابووری بەرچاوی نیشانداوە، سعودیە و ئیمارات و کوێت بە کۆی گشتی 40%ی ئاوی شووتی کراوی جیهان بەرهەم دەهێنن، بە لەبەرچاوگرتنی کەمی ئاوی ئێستای عێراق، زۆر گرنگە وڵاتەکە چالاکانە بەشداری هەوڵەکانی شووتی پاککردنەوە بکات لە ئاوی سوێرەوە،[3]وەزارەتی بیناسازی و نیشتەجێکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٣دەستپێکردنی یەکەمین پڕۆژەی شووتی ئاوی دەریایی بۆ ئاوی خواردنەوە لە پارێزگای بەسرە ڕاگەیاند، کە بریتییە لە شووتیکردنی ئاوی کەنداوی عەرەبی لە فاو بۆ بەسرە  ئەوەیش بەهۆی کەمبوونەوەی ڕۆیشتنی ئاو لە ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتەوە بۆ ناوچەکە، دەکرێت ئەم پرۆژەیە بەرفراوان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کەمی ئاو لە ژێر ڕۆشنایی گەشەی پێشبینیکراوی دانیشتووان تا ساڵی ٢٠٦٠.[4]

2-3: ڕێگاکانی چارەسەری ئالنگارییەکان لەسەر ئاستی دەرەکی

لە چوار چێوەی ئەم باسەماندا باس لە گرینگترین ڕێگاکانی چارەسەرەی ئالنگارییەکانی دەرەکی بەردەم ئاسایشی ئاوی عێراقی دەکەین کە زۆرگرینگە عێراق لەسەر ئاستی دەرکی هەنگاو بنێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری بگرێتە بەر بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاوی خۆی بەم شێوەی خوارەوە:-

یەکەم: ڕێگای دیپلۆماسی

دیپلۆماسی ئاو یەکێکە لە ئامرازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکی و ململانێکانی ئاو، کە تێیدا بەرنامەیەکی گونجاوی بەڕێوەبردنی ئاو بۆ پرسە زۆر ئاڵۆزەکانی ئاو جێبەجێ دەکرێت. بە یەکێک لە فۆرمەکانی دیپلۆماسی مۆدێرن دادەنرێت کە پشت بە پێشخستنی پەسەندکردنی دیپلۆماسی و دانوستان بەرەو قەیرانەکانی ئاو بە تایبەتی، دەستنیشانکردنی کێشەکانی ئاو لە ڕێگەی دانوستانکاری تایبەتمەندەوە، دەستنیشانکردنی خاڵە ناکۆکیەکان، و پێشنیارکردنی چارەسەرەکان کە ڕوانگە فرە و جیاوازەکان و بوارەکانی ناڕوونی و نادڵنیایی لەبەرچاو بگرن.[5]بۆیە یەکێك لە ڕێگا گرینگەکان کەلەبەردەم عێراقدایە ئە

---

1 water. fanack, Water Resources in Iraq, 2022. Available on the following website: - https://water.fanack.com/iraq/water-resources-in-iraq لەڕێکەوتی ٨-٧-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

2 سيف العبيدي، حصاد المياه قريبا.. متى يستغل العراق مياه الأمطار والسيول ؟، 2024. متوفر علي موقع التالي: https://alssaa.com/post/show/22791 لەرێکەوتی ٨-٧-٢٠٢٣ سەیرم کردووە.

3 عبدالطيف جميل، الانتصار على الملح مستقبل تحلية المياه، 2020. متوفر علي موقع التالي: /https://alj.com/ar/spotlight-by-fady-jameel/past-the-salt-the-future-of-water-desalination لەڕێکەوتی٧-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

4 الشروق، العراق يعلن إطلاق أول مشروع لتحلية مياه البحر في مدينة البصرة، وكالة أنباء العالم العربي،2023. متوفر علي موقع التالي:-https://www.shorouknews.com/news/view.aspx?cdate=30082023&id=a732a695-b43e-409c-8489- e3bc6dd776fb لەڕێکەوتی ١٢-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

5 شيماء تركان صالح، الأمن المائي العراقي: بحث في الحقوق وإمكانيات الحلول، قضايا السياسية، جامعة النهرين كلية العلوم السياسية، العدد 74، 2023، ص171.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005- 396X

ویش بریتیە لە گرتنەبەری ڕێگای دیپلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە چونکە عێراق لە توانای ئەوە دانیە ڕێگای دیکە بگرێتە بەر بەهۆی لەدەستدانی پێگەی هەرێمیەتی پێشوی خۆی لە ناوچەکە، ئەم ڕێگایەش بریتییە لەوەی کە عێراق لە ڕێگای بەکارهێنانی دیپلۆماسی ئاو کە ئامرازێکی دیپلۆماسییە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و ململانێکان کە لەسەر ڕووبارە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان لەگەل وڵاتانی دراوسێ، بۆئەوەی ڕێگا بگرێت لەوەی کەوا ئەم ناکۆکییانە پێش ئەوەی گەشە بکەن و ببنە گرژی و ململانێ نێوان عێراق وڵاتانی دروسێ، چارەسەر بکرێن، چونکە ئێستا بەهۆی سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ، کە کۆنترۆڵی بەشە پشکی ئاوی عێراق دەکەن لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانیانەوە، کەبۆتە هۆی ئەوەی ژیانی ملیۆنان عێراقی لە مەترسیدابن، بۆیە زۆر گرینگە عێراق ئەم خاڵە بەوردی کاری لەسەر بکات.[1] هەروەها زۆرگرینگە عێراق لە ڕێگای دیپلۆماسیەوە دەست بکات بە بەرزکردنەوەی دانوستانەکان لەگەڵ هەریکە لە تورکیا، ئێران و سوریا بۆ بەرەوپێشبردنی لێکتێگەیشتنی هاوبەش و گەیشتن بە ڕێککەوتنی دادپەروەرانە سەبارەت بە دابەشکردنی ئاو،[2] هەروەها دە کرێت لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە پەیوەندییە سیاسی و ئاینیەکانی عێراق لەگەڵ ئێران بۆ بەهێزکردنی دانوستانەکان و دەستەبەرکردنی دابەشکردنی ئاوی دادپەروەرانە بەدەست بهێنن.[3]

**دووەم: گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی**

دەکرێت عێراق پەنا بباتە بەر میکانیزم و یاساییە نێودەوڵەتییەکان بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٧ سەبارەت بە یاسای بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاوی نێودەوڵەتی، کە عێراق واژۆی کردووە، بۆ پاراستنی مافەکانی ئاوی عێراق.[4] تۆمارکردنی سکاڵای فەرمی لە لایەنە نێودەوڵەتییەکان، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یان دادگای نێودەوڵەتی، لە وەڵامی پێشێلکردنی شایستە کەڵک وەرگرتن لە کاریگەرییە ئابوورییەکانی عێراق بە بەکارهێنانی هەناردە سەرەکییەکانی وەک بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بۆ تورکیا و ئێران وەک ئامرازێکی موزایەدە لە دانوستانەکاندا. .[5]

**سێیەم: ڕێگای ئابووری**

یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی کە لەبەردەم عێراقە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئاو لەگەل تورکیا و ئێران و سوریا بریتیە لە گرتنە بەری ڕێکاری ئابوریە، ئەویش بەهۆی ئەوەی عێراق ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار ئالوگۆری بازرگانی هەیە لە گەل وڵاتانی دراوسێ، تەنانەت عێراق بۆتە بازارێکی باش بۆ ساغ بونەوەی کاڵای ئەم وڵاتانە، بەڵام ئەم خاڵەش پێویستی بە یەك دە نگی ناوەخۆی و نیشتمانی هەیە لە عێراق، واتا عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە لەگەل هەریکە لەوڵاتەکان ئەم پرسە بورژێنێت ئەگەر هاتوو بەشە پشکی ئاوی عێراق زیاد نەکەن ئەوە عێراق دەست بکات بە داخستنی سنورەکانی بۆ کاری بازرگانی و کەشتیاری یان کەم کردنەوەی قەبارەی بازرگانی یان زیاتر کردنی باج و توند کردنی ڕێکارەکان لەسەر بازرگانەکان و کرێکاران ئەو وڵاتەی کە ئەگەر ڕێکەوتن نەکات لەگەل عێراق، بەڵام ئەم خاڵەش پێویستی بەپڵان و دانانی ڕێکاری توند و نیشتمانیە لەسەرتا سەری عێراق.[6]

---

1 نفس مصدر.

[2] مركز الاعلام الدولي التابع للعتبة الحسينية، 2021. متوفر على موقع التالى: https://iraq.shafaqna.com/AR/290454/ لە ڕیکەوتی 12-5-2025 سەیرم کردووە.

[3] رضا عبد الجبار سلمان الشمري وعباس حمزة علي الشمري, مصدر سابق، ص63-65.

4 د.م . جنا ابو صالح، الموارد المائية المشتركة العراقية مع ايران في ضوء اتفاقية الأمر المتحدة للمجاري المائية الدولية في الاستخدامات غير الملاحية ١٩٩٧، ملحق مجلة جامعة العراقية، العدد2/17، ص274.

[5] شبكة اخبارالعراق، العراق يتقديم شكوى ضد إيران وتركيا أمام محكمة العدل الدولية بشأن ملف المياه، 2023. متوفر علي موقع التالي:- https://shorturl.at/Ytihc لەرێکەوتی 12-5-2025 سەیرم کردووە.

6 أ.د. رضا عبد الجبار سلمان الشمري، مصدر سابق، ص63-65

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کەمی ئاو و گەیشتن بە ئاسایشی ئاو پرسێکی جەوهەرییە بۆ ئایندەی عێراق، بۆیە وڵات پێویستی بە هەنگاوی جددی و هەمەلایەنە هەیە، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، لە ناوخۆدا پێویستە گرنگی بە دروستکردنی بەنداوی نوێ و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پیس و شووتی ئاوی سوێر و کۆکردنەوەی ئاوی باران و هەروەها نوژەنکردنەوە و مۆدێرنکردنی تۆڕەکانی ئاو بدرێت، هەروەها پەرەپێدانی سیاسەت و ستراتیژی ڕوون و بەردەوام بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی باشترین سەرچاوەکانی ئاو زۆر گرنگە، لە ڕووی دەرەکییەوە دەبێت ئامرازە دیپلۆماسییەکان و چارەسەری یاسایی چالاک بکرێن، بە پەنابردن بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی و تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی پێشێلکارییەکانی ئاو لەلایەن وڵاتانی دراوسێ لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. هەروەها دەتوانرێت چارەسەری ئابووری بۆ چارەسەرکردنی هەندێک بەربەستی دەرەکی پەیوەست بە ئاو بەکاربهێنرێت.

## دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەوە گەیشتین کە حکومەتی عێراق سیاسەتێکی ڕوونی ئاوی نییە کە ئاسایشی ئاوەکەی لە ماوەی مامناوەند و درێژخایەندا مسۆگەر بکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵبوونی دەسەڵاتی ناوەندی بە پرسە ئەمنییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەسەر حیسابی پەرەپێدانی پەیوەندی کاریگەر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. ئەم کەموکوڕییە دامەزراوەییە بووەتە هۆی پشتگوێخستنی پرسە ستراتیژییەکان کە کاریگەرییان لەسەر سەقامگیری ژینگەیی و ئابووری وڵات هەیە ئەمە لەسەر ئاستی ناوەخۆی عێراق ، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکی هەموو ئەو وڵاتانەی هاوبەشی حەوزی ڕووباری دیجلە و فورات سیاسەتی ئاوی هاوبەش بەرامبەر بە عێراق پەیڕەو دەکەن، بە پلەی یەکەم تورکیا، دواتر ئێران و سوریا گرتنەبەری ئەم ڕێبازە بنەمای ئاو لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا سەرچاوەی ئاوییەکانی ئەم ڕووبارە و لقانە لەم وڵاتانەی دراوسی عێراقەوە سەرچاوە دەگرن، کە ئەوانیش دە ستیان کردوە بەگۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان هەروەها دروستکردنی بەنداوی گەورە لەسەریان. هەرچەندە زەمینە سیاسییەکان و پاڵنەرە نیشتمانییەکانی هەر وڵاتێک جیاوازن، بەڵام نەخشە گشتییەکە پشتبەستنێکی زۆر بە چارەسەرە ئەندازیارییە نەریتی و ناپایەدارەکانی ژینگەیی نیشان دەدات. ئەزمونی عێراق سەلماندی کە بەردەوامی ئەم ڕێبازە دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی لێکەوتووەتەوە، دیارترینیان تێکچوونی تاڵاوەکانی باشووری وڵات بووە، کە یەکێکە لە گرنگترین ئیکۆسیستەمەکان کە ڕەهەندی کولتووری و مێژوویی و بایۆلۆژیی هەیە لە ناوچەکەدا. هەروەها ئەم تێکچوونە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی بیابانبوون و دابەزینی ڕووپۆشی ڕووەک و لەدەستدانی جۆراوجۆری زیندوو، ئەمە جگە لە تێکچوونی بارودۆخی ژیان لە کۆمەڵگە گوندنشینەکاندا کە وابەستەن بە سەرچاوە ئاوییەکان. چارەسەرکردنی قەیرانی ئاو لە عێراق پێویستی بە ڕێبازێکی ستراتیژی نیشتمانی هەمەلایەنە هەیە کە لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی یەکگرتووی سەرچاوەکانی ئاو و بەهێزکردنی دیپلۆماسی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و پەرەپێدانی ژێرخانی ئاو هاوتەریب لەگەڵ بنەماکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دادپەروەری ئاو بۆ سەرتا سەری عێراق.

## لیستی سەرچاوەکان

**بە زمانی عەرەبی**

1. أ.د عبد الرازق بسوني الكومي و مصطفى قيس حمادي جبر، الموارد المائية المتاحة في العراق و بوادر شحة المياه، المجلة العلمية بكلية الآداب، العدد49، 2022.
2. ا.د. اياد عبد علي سلمان الشمري، مجلة ميسان للدراسات الاكاديمية، المجلد11, العدد ٢١، ٢٠١٢.
3. أ.د. رضا عبد الجبار سلمان، التحديات التي تواجه الأمن المائي العراقى، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، المجلد15، العدد 1, 2012.

4. أ.د. شيماء عادل فاضل، التنمية المائية المستدامة في العراق المعوقات و سبل المواجهة، مجلة الدنانير، العدد19، 2020.
5. أ.د. مصطفي جاسم حسين و سلوى غضنفر حكمت، تحديات الامن المائي العراقي، المجلة السياسية الدولية، جامعه المستنصريه، العدد ٥٤، ٢٠٠٥.
6. أ.م.د. جاسم محمد مصحب و حميد نعمة عيدان، التحديات الدخلية لازمة المياه في العراق، دراسات سياسية و إستراتيجية، جامعه كربلاء، العدد45, 2011.
7. ا.م.د. حميد ياسر الياسري، مستقبل المياه العراقية في ظل المعطيات الجغرافية الإقليمية دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة عدد الخاص بالمؤتمر العلمي الخامس لكلية التربية العلوم الإنسانية، في جامعة الواسط، مجلة2، 2012.
8. ا.م.د. لطيف هاشم كزار و م.م.ميادة كاظم عبد، الأمن المائي العراق رؤية سكانية، عدد الخاص بابحاث المؤتمر العلمي الخامس لكلية التربية العلوم الإنسانية، جامعة واسط، 2012.
9. أ.م.د. محمد حسين محيسن المنصوري، المعوقات الجغرافية التي تواجه الموارد المائية و سبل التنمية المستدامة في العراق، مجلة كلية التربية، جامعة الواسط، مجلة 54، العدد 1, 2021.
10. ا.م.د.سالارعلي خضر وآخرون ، الهطول الثلجي في العراق، مجلة مداد الاداب، العدد الثالث عشر، 2017.
11. إمرول إسالم و توماس ويلسون، غير كافية وغير عادلة: شحة المياه والنزوح في العراق، (NRS)المجلس النرويجي للاجئين، 2023.
12. أندريه مولر، أدريان ديتجيس، بنجامين بول و اخرون، المناخ والمياه والتعاون في حوض الفرات ودجلة، تقرير بدون جهه الاصدار،٢٠٢٢ .
13. انور عبدالزهرة شلش العتابي، الموراد المائية في العراق بين التحدي السياسات و فرص الاستدامة، رسالة الماجستر في العلوم الاقتصادية، جامعة المستنصرية، 2014.
14. باسم ساجت يوسف، التحليل المكاني والفني لخدمات الصرف الصحي في العراق، منشورات وزارة التخطيط ، جمهورية العراق، بدون السنة.
15. بيان العساف، انعكاسات الأمن المائي العربي على الأمن القومي العربي :دراسة حالة حوضي الأردن والرافدين ، رسالة الماجستر في جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية والإعلام، ٢٠٠٥.
16. حسن الجنابى، من الاسترخاء الي الاجهاد المائي: مشكلة المياه في العراق و علاقتها بالسياسات المائية لدول الجوار و تغير المناخ، مركز الامارات للسياسات، 2024.
17. د. إسماعيل شعبان و د. محمود مرشحة، المشاريع المائية التركية المقامة على نهر الفرات و تأثيراتيها على سوريا، مجلة جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية، المجلد٢٩، العدد4، 2007.
18. د. اسماعيل شعبان، المشاريع المائية التركية المقامة على نهر الفرات و تاثيرها علي سوريا، مجلة جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية، المجلد29، العدد 4،2007.
19. د. م. محمد منهل الزعبي و د. م. عمر جزدان و د. م. أحمد مجر و اخرين، استعمال مياه الصرف الصحي المعالجة في الزراعة، وزارة الزراعة و اصلاح الزراعي، جمهورية سورية، 2014.
20. د. مالك ناصر عبود الكناني، الامطار القياسية اليومية في العراق، مجلة كلية التربية، جامعة الواسط، العدد الثامن العشر, 2020.
21. د. محمد عبدالمجيد حسون، الامن المائي العراقي، وةزارة الثقافة، العراق، بغداد، الطبعة الاولى، 2008.
22. د.حكيم غريب، الصراع على المياه في الشرق الأوسط: الأبعاد الجيوسياسية، مجلة الباحث في العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة قاصدي مرباح و رقلة، المجلد 12، العدد3 ، 2020.

23. د.قصي عبد المجيد السامرائي وم. جوان سمين أحمد، آثـر الارتفاع في كمية الامطار الساقطة على شمال العـراق، مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية، جامعة بغداد كلية التربية للعلوم الإنسانية/ ابن رشد، العدد 71 ، 2008.
24. د.م . جنا ابو صالح، الموارد المائية المشتركة العراقية مع ايران في ضوء اتفاقية الأمم المتحدة للمجاري المائية الدولية في الاستخدامات غير الملاحية ١٩٩٧، ملحق مجلة جامعة العراقية، العدد2/17, بدون السنة النشر.
25. دستور جمهورية العراق"الوقائع العراقية" العدد 4012، في 2005/12/8.
26. سلێمان عبدالله اسماعيل، السياسه المائيه لدول حوضي ديجلة و الفرات و انعكاساتها علي القضية الكردية، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، العراق، 2004، ص60.
27. سندس سرحان احمد، السياسة المائية التركية تجاه العراق، مجلة منصور، العدد 35، 2021.
28. شيماء تركان صالح، الأمن المائي العراقي: بحث في الحقوق وإمكانيات الحلول، قضايا السياسية، جامعة النهرين كلية العلوم السياسية، العدد 74، 2023.
29. صايف الياسري، مشـــــروع (GAP)الـتركى: نتائج خطرة على حياة في العراق، جريده المدى، العدد٧٦٤، ٢٠٠٦.
30. عفاف زهراوي، الامن المائي وعلاقته بالامن الغذائي في الجزائر، المجلة العلمية الأكاديمية للدراسات الاجتماعية و الانسانية، جامعة عبد الحميد مهري، قسنطينة٢، الجزائر، العدد ٢، 2021.
31. فاندانا شيفا، حروب المياه الخصخصة التلوث الربح، ترجمة: سمر عبدالمنعم مرسى القاهرة: مكتب سطور للنشر، 2012.
32. فرح عبد الكريم محمد، النزاع على المياه بين العراق وتركيا ( 2014 -2003)، رسالة الماجسيتر في العلوم السياسة، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاداب و العلوم، 2014.
33. قصي حبيب الحسيني، قراءات في دساتر العراق، بدون مكان النشر،2017.
34. م. فراس عبد الجبار الرباعي، أثر مشاريع التخزين و الري في سوريا على الأمن المائي العراقي، مجلة كلية بابل، جامعة بابل، العدد ١٢، ٢٠١٢.
35. م.د. محيد نعمة الصاحلي، مشكلة تقاسم المياه المشتركة بنين العراق وتركيا دراسة في اﻻبعاد القانونية، وقائع المؤتمر العلمي الدولي الثالث دور العلوم الانسانية والجتماعية فى التنمية و خدمة اجتماع، ملحق المجلة العراقية، المجلد17، مجلد 2،2022.
36. م.د. منتظر فاضل البطاط، تلوث المياه في العراق وآثاره البيئية، مجلة القادسية للعلوم الإدارية و الاقتصادية، المجلد ١١، العدد ٤، ٢٠٠٩.
37. م.م تمارا كاظم الاسدي، السياسة المائية التركية تجاه العراق للفترة من (2000-2020)، المركز الديمقراطى العربى، 2021.
38. م.م حسين عبد المجيد حميد، سدّ إليسو التركي وأثرهُ على الوارد المائي لنهر دجلة في العراق، مجلة ديالى، العدد الثامن والستون، ٢٠١٥.
39. م.م. خالد جاسم الحچيمي، سياسة إيران المائية تجاه العراق وانعكاساتها على النشاط الاقتصادي دراسة في الجغرافية السياسية، جامعة كوفة، العدد 63، 2021.
40. م.م. ضحى جواد كاظم و أمير هادي جدوع، الامكانات المائية المتاحة للعراق (دراسة في جغرافية العراق)، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية، جامعة بابل، العدد30، 2016.
41. م.م. ضحى جواد كاظم و أمير هادي جدوع، المكانات المائية المتاحة للعراق (دراسة في جغرافية العراق)، مجلة كلية التربية ألساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل، العدد30، ٢٠١٦.
42. مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، أزمة المياه في العراق: تحديات سياسية و بيئية، بغداد، 2024.
43. منذر الشاوي، فلسفة الدولة، دار ورد للنشر والتوزيع ، عمان، الاردن، 2012.
44. منذر خدام، الأمن المائي العربي: الواقع والتحديات، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001.

45. المنظمة العربية للتنمية الزراعية، برامج الأمن الغذائي العربي، الموارد الطبيعية، الخرطوم، ١٩٨٦.
46. نظير الأنصاري، مخاطر الأزمة المائية في العراق: الأسباب وسبل المعالجة، مركز الجزيره للدراسات، ٢٠١٨.
47. هدى عساف و د. محمد سعيد المصري، مصادر تلوث المياه الجوفية، الجمهورية العربية السورية، هيئة الطاقة الذري، تقرير عن دراسة علمية مكتبية قسم الوقاية والأمان، ٢٠٠٧.
48. يزيد بوساق، الأمن المائي دراسة في تطور المفهوم والاهمية، مجلة الحقق والعلوم السياسية جامعة خنشلة، المجلد 9 ، العدد2، 2022.

به زمانی ئینگلیزی

1- Ahmed Mohammed Aziz and Dr. Ahmed Aws, Waste Water Production Treatment and Use in Iraq Country Report, Ministry of Water Resources- Iraq, 2013.
2- American University - Sulaymaniyah, Youth Activism & Environmental Governance in Iraq, 2023. Available on the following website : https://shorturl.at/bin4H
3- AQUASTAT, Country Fact Sheet: Iran, FAO's global information system on water and agriculture, 2008. Available on the following website: www.fao.org/nr/water/aquastat/countries_regions/irn/index.stm
4- Birkman Kool and Torossian, Interprovincial Water Challenges in Iraq: Initial Analysis of an Urgent and Under-researched Crisis. Water, Peace and Security Partnership, 2020.
5- Clingendael Netherlands Institute of International Relations, Water Governance in Iraq, Water, Peace, and Security, Ministry of Foreign Affairs of the Netherlands, 2022.
6- Dzhumagulova, N T and Abdulameer, L S, The use of treated wastewater for irrigation purposes in the administrative district of Kerbala, Iraq, IOP Conference Series: Materials Science and Engineering, 2021, vol. 1067.
7- IPCS, How Do US-Led Sanctions on Iran Harm Iraq's Water Resources, 2019. Available on the following website :https://reliefweb.int/report/iraq/how-do-us-led-sanctions-iran-harm-iraq-s-water-resources
8- Nik Kowsar, A thirsty reality: Iran's dire water situation, 2024. Available on the following website: https://shorturl.at/CbJwx
9- water. Fanack, Water Resources in Iraq, 2022. Available on the following website: - https://water.fanack.com/iraq/water-resources-in-iraq

پێگەی ئەلیکترۆنی

1. الحارث الحباشنة، التغير المناخي: جفاف نهري دجلة والفرات يهدد استقرار وأمن العراق البيئي والمائي والغذائي، 2023. متوفر علي موقع التالي: https://www.bbc.com/arabic/in-depth-65807266
2. الشروق، العراق يعلن إطلاق أول مشروع لتحلية مياه البحر في مدينة البصرة، وكالة أنباء العالم العربي،2023. متوفر علي موقع التالي:- https://www.shorouknews.com/news/view.aspx?cdate=30082023&id=a732a695-b43e-409c-8489-e3bc6dd776fb

3. الصحفة الاستقلال الكترونية، التحكم الإيراني بمياه العراق.. خلفيات الأزمة و مستقبلة الصراع، 2021. متوفر علي موقع التالي:- https://shorturl.at/wDQEX
4. المرصد العراقي لحقوق الإنسان(IOHR)، مياه العراق ملوثة بالبراز و النفط و المخلفات الطبية، 2023. متوفر علي موقع التالي:https://iohriq.org/ar/126-.html
5. المعلومة، بالانفوغرافيك.. عدد سدود العراق وتاريخ انشائها، 2024. متوفر علي موقع التالي؛ https://shorturl.at/owH3b . [1]
6. ايران انترنشنال، أزمة مياه وجفاف حادة في إيران.. الموارد المائية تنضب والأراضي تنهار، ٢٠٢٣. متوفر علي موقع التالي:https://www.iranintl.com/ar/202301031321
7. تقريرحول قيام الحكومة التركية بحربها الجديدة على سورية والسوريين عبر تخفيض كميات مياه الفرات عن سورية، ونقصان مياه الشرب والطاقة الكهربائية وانتشار الجفاف، ٢٠٢٠.متوفر على موقع التالى:- https://shorturl.at/ZEWWG
8. د. فادية دعيبس، الأمن المائي مهمة من؟، 2005، متوفر علي موقع التالي:https://shorturl.at/Ju6xY
9. سيف العبيدي، حصاد المياه قريبا.. متى يستغل العراق مياه الأمطار والسيول ؟، 2024. متوفر علي موقع التالي: https://alssaa.com/post/show/22791
10. شبكة اخبارالعراق، العراق يتقديم شكوى ضد إيران وتركيا أمام محكمة العدل الدولية بشأن ملف المياه، 2023. متوفر علي موقع التالي:- https://shorturl.at/Ytihc .
11. شێروان برایم خواز، کێشەی ئاو لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، ٢٠٢١. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:- https://www.haremnews.com/detailsWtar/1271
12. صاحب الربيعي، الاتفاقيات المائية بين العراق ودول حوض الفرات، الحوار المتمدن-العدد: 2721، 2009. متوفر على موقع التالى:- https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=179498
13. صفاء خلف، أزمة المياه في العراق: ديناميك الصراع الإقليمي ومخاطر الاقتتال الداخلي الاقتتال الداخلي، ٢٠٢١. متوفر على موقع التالى:-https://safaakhalaf.com/2021/09/19/1047/
14. عاصي عبدالقادر، تهديدات الأمن المائي للأمن الوطني و استراتيجات إدارة ندرة المياه، مجلة القانون العام الجزائري المقارن، العدد التاسع، 2023.
15. عبدالطيف جميل، الانتصار على الملح مستقبل تحلية المياه، 2020. متوفر علي موقع التالي: https://alj.com/ar/spotlight-by-fady-jameel/past-the-salt-the-future-of-water-desalination/
16. عبدالمطلب رفعت سرحت، الأكراد ضحية حرب المياه .. تاريخ يعرفه كل ذي عقل، الحوار المتمدن، العدد: ٤٥٥١، 2014. متوفر علي موقع التالي:- https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=429452
17. علي كريم إذهيب، مع استمرار أزمة المياه هل يدق النزوح الريفي باب المدن العراقية، 2021/12/4. متوفر علي موقع التالي؛ https://ejaz-news.iq/95--.html
18. غلاەِ إسحق زي، المناخ والبيئة، مؤتمر الأمم المتحدة السابع والعشرين لتغير المناخ COP27، شرم الشيخ، مصر، ١٣ تشرين الثاني٢٠٢٢.متوفر علي موقع التالي:- https://news.un.org/ar/story/2022/11/1115457 .
19. مركز الاعلام الدولي التابع للعتبة الحسينية، 2021. متوفر على موقع التالى: https://iraq.shafaqna.com/AR/290454/ .
20. مريم على ابراهيم، تداعيات سياسات تركيا وإيران على الأمن المائي العراقي، 2022. متوفر على موقع التالى:- https://shorturl.at/HkMSQ .
21. وةزارة الخارجية التركية، سياسة المياه في تركيا، 2022. متوفر على موقع التالى:- https://www.mfa.gov.tr/turkiye_s-policy-on-water-issues.ar.mfa .

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005- 396X

# التحديات التي تواجه الأمن المائي العراقي
## (دراسة الامنية)

| |
|---|
| عادل عكيد كاكل |
| قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق |
| adil.kakil@su.edu.krd |
| أ. م. د. جواس حسن رسول |
| برلمان كوردستان- العراق |
| Chwas2002@gmail.com |

**الملخص**

**يتعرض الأمن المائي في العراق للتهديد بسبب عدد من التحديات الداخلية والخارجية، التحديات الداخلية مثل سوء إدارة المياه الداخلية والقوانين القديمة وضعف التنسيق بين المؤسسات والنمو السكاني والتلوث العشوائي للأنهار في جميع أنحاء العراق، في حين تنعكس الضغوط الخارجية على مشاريع المياه في الدول المجاورة (تركيا وإيران وسوريا) والتي تؤثر على أنهار وروافد دجلة والفرات. وتقترح الدراسة حلولاً محلية مثل بناء سدود جديدة وإعادة استخدام مياه الصرف الصحي وتحلية المياه، فضلاً عن استراتيجيات دبلوماسية واقتصادية لمواجهة التحديات الخارجية. إن وجود استراتيجية وطنية شاملة لحماية حقوق العراق المائية أمر ضروري لأنها سوف تمنع تفاقم نقص المياه وتنقذ عشرات الملايين من العراقيين من الهجرة، كما أن الحد من الصراع الإقليمي أمر ضروري للعراق وجيرانه.**

**الكلمات المفتاحية : الأمن المائي، سياسات المياه، التحديات الداخلية، التحديات الخارجية، العجز المائى.**

# Challenges Facing Iraqi Water Security
## (Security Study)

| |
|---|
| **Adil Ageed Kakil** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq** |
| **adil.kakil@su.edu.krd** |
| **Assist. Prof. Dr. Chwas Hasin Raswl** |
| **Kurdistan Parliament – Iraq** |
| **Chwas2002@gmail.com** |

## ABSTRACT

**Iraq's water security is threatened by several internal and external challenges Internal challenges such as poor internal water management, outdated laws, and poor coordination between institutions, population growth, and random pollution of rivers across Iraq, while external pressures are reflected in water projects in neighboring countries (Turkey, Iran, Syria) that affect the rivers and tributaries of the Tigris and Euphrates. The study proposes domestic solutions such as building new dams, reusing**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005- 396X

**wastewater, and desalination, as well as diplomatic and economic strategies to address external challenges. A comprehensive national strategy to protect Iraq's water rights is essential because it will prevent water shortages from escalating and save tens of millions of Iraqis from migrating, and reduce regional conflict is essential for Iraq and its neighbors.**

**Keywords: Water security, water policies, internal challenges, external challenges, water scarcity**